ڕەووف محەمەد ئالانی

# ڕوانین بۆ ئاینده

کۆمەڵە وتار

**چاپی یەکەم**

سـلـيـمـا نــي
2009........................

مافی لەچاپدانەوەی بۆنوسەر پارێزراوە

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: روانین بۆ ئایندە

بابەت: کۆمەڵە وتار

نوسەر: ڕەووف محەمەد ئالانی

تایپ: سۆران شەریف محەمەد

دیزاین و بەرگ: فواد کەولۆسی

هەڵەچن: نوسەر

شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج

ساڵی چاپ: 2009

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: 1000 دانە

ژمارەی سپاردن: (1120)ی ساڵی 2009ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

## پێشکەشە بە:-

- ئەوکەسانەی بەرژەوەندی گشتی ئەخەنە سەرو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان.
- ئەو نوسەر و رۆژنامەنوسانەی قەڵەمەکانیان ئەخەنە خزمەتی خەڵك.
- ئەوکەسانەی بێ هیوانین لەگەیشتن بە ئایندەی ڕوون.
- پەیڕەوانی بیری کوردایەتی پاك نەك حیزبایەتی تەسكو بەرژەوەند خوازان.

# ناوەڕۆك


**بابەت** **لاپەڕە**

**هەڵوێست لەبەرامبەر دەنگی ناڕەزاییدا**..........................7
**ئازار مانگی خەم و خۆشی گەلێك**..............................10
**بۆ جەژنی کرێکاران**.........................................13
**کللا بەقەد بالا**..............................................16
**قەدەری لاوانی وڵاتەکەم**.....................................18
**ئارامگرتن و**
**مادەی**(140)..............................................21
**یادی شانزەساڵەی کۆڕەو، بیرەوەری**
**تاڵ وشیرین**....................24
**شێخ ئەنوەر ئەودەنگەی زایەڵەی دەنگێکی هەمیشەییە**...............26
**گەنج و خەونی دیموکراتی و حیزبی کوردی**........................30
**یاسا ئەگەر بوونی هەبێت بابۆ هەموان بێت**.......................33
**هەرێمی بێ دەنگ و رازی بەهەموو کارەساتەکان**.....................37
**ئازارەکانی خەڵك و خەمساردی حکومەت**...........................40
**خەمە**
**گەورەکان**.............................................43
**حکومەتی بێ پیلان**...........................................45

گۆڕانکاری پەروەردە بنچینەی گۆڕانی کۆمەڵگایە....................48
گەرم و گوڕی کۆچی لاوان و بیٚ خەمی
دەسەڵات....................52
خوێندنەوەیەك بۆ بەردەوامی ئەقڵی داگیرکاری
عەرەبی...............55
لاوان هەوێنی گۆڕان و بەدیهێنانی ئازادی، بەڵام!.................59
چ ناوێك بۆسلێمانی باشە؟........................................62
گەشتێك بۆ دەروازەی ڕاپەڕین.......................................65
ڕۆڵی تاك لە کۆمەڵگەدا..........................................69
هەڵوێست و کاری ڕۆژانە.........................................72
بۆچوونەکانی شەقام.................................................75
تیرۆر سەرچاوەکەی شۆڤینیزمی عەرەبیە..........................78
ڕاپەڕین لەنێوان بانگەشەی حیزبەکاندا...............................83

# هەڵوێست لە بەرامبەر دەنگی نارەزاییدا*

سیاسەت پێناسەی جیاواز هەڵدەگرێ بە پێی سەردەمو کاتو جۆری دەسەڵاتەکەی و ئاستی هۆشیاری خەڵکی لە مەڕ بێ ئاگا بوون لە جۆرو شێوازی حوکمڕانی ئەمانە هەموویان لە لایەکو مامەڵەکردنی دەسەڵات لەبەردەم ویستەکانی خەڵكو چۆنیەتی ئاوڕدانەوە لە داواو خواستی جەماوەری ناڕازی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەسەڵات بەهێزو زەبرو زەنگ پایەکانی خۆی بەهێز دەکات لە دەنگی نارەزای دووری دەخاتەوەو هەیمەنەی خۆی بە هەڕەشە حساب بۆ نەکردنی خەڵکی بێ هێز لە ڕووی داوای ڕاستەقینەی خۆیان، دێتە ئاراو بەو جۆرە دەسەڵاتەکەی خۆی دەهێڵێتەوە بەدەر لە پابەندبوونی بەو بنەماو وتانەی کە لە کەناڵو شوێنەکانی خۆیان ئاراستەی دەکەن، دیارە ئەمەش هەر بۆ چەند جارێك دێتە دیو ناڕاستیەکانیان دەردەکەوێ خەڵك ڕێگای ڕاستی خۆی دەدۆزێتەوەو پشت لەو دەسەڵاتە میراتگرو پابەند بە کورسیە دەکاتو

* { رزگاری - ژمارە (194) – یەك شەممە – 5ی تشرینی یەکەیم 2008}

هەڵوێست وەردەگرێ، دوای هەڤدە ساڵ لە ئەزمونی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان هەموو ڕاستیەکان وەك مانگە شەوی ئێوارەی ساماڵ بەدی هاتون و بەدەرکەوتون لە هەڵبژاردنی یەکەم تا ئەم جارەی دیاری کردنی ناو بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بە تەواوی هەڵوێستی خەڵك دەرکەوت بەرامبەر بە حکومەتی دوو حیزبەکە کە هەڵوێستێکی ناڕازی و دەرخستنی نادادپەروەری ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە، پێ دەچێ خەڵکی حیزبەکان خۆشیان ئامادەی تۆماری دەنگدەران نەبوبن چونکە زۆرجار دیعایە دەکەن کە ئەوەندە سەد هەزار ئەندامیان هەیە، باشە کە وایە بۆ ئەو ڕێژەیە کە مەبەستیان بوو تا سەردانی بنکەکان بکەن بونیان نەبو، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە خەڵکی کوردستان بە گشت چین و توێژو دەستەو تاقمێکەوە ناڕازین لە دەسەڵات و بەو جۆرە هەڵوێست وەردەگرن، لە سەردەمی ڕژێمی ڕووخاوی بەعسدا هەڵبژاردنەکان بە شێوازی نادروست و کارتۆنی بەڕێوەدەچوو یان بە زۆر خەڵکیان دەترساند بەشداری بکەن ئەگەر نا بایعی خەڵك دەبڕن پێدەچێ هەمان سیناریۆی تاڵی بەعس دووبارە بکەنەوە هەرچەندە ئەوە قورس و خراپ لەسەر دەسەڵاتی کوردی دەکەوێ، چونکە ئەگەر لە زەمانی بەعسدا یەك لیست هەبووبێ کە هی خۆیان بووە لە ئێستادا وانیە چەندین لیستی تر هەن کە دەنگپێدانیان زەرەرمەندبوونی لیستی ئەو حیزبانەیە کە دەسەڵاتی کوردستانیان بە دەستە، وا باشە تۆزێ چاووگوێتان بکەنەوەو ئاوڕێك لە خەمی هەژارانی دڵ پڕ لە ڤینی بەرامبەرتان بدەنەوەو واز لە کارە تایبەتیەکانتان بێنن و دەستبەرداری سەروەت و سامانی میللەت ببن، لە جیاتی ئەوە ئاو و کارەباو سوتەمەنی و

پرۆژەی گەورەی نیشتمانی بکەنەوە نەك وەك ئێستا کە کۆمپانیایەکی بیانی دێتە کوردستان پێش هەموو شتێ حسابی قازانجی خۆتان دەکەن، بۆیە دەڵێم تا سەر ئاوا بۆ کەس ناچێتە سەر وەك پیرەمێردی مەزن فەرموویەتی:

***هەندێك لە خۆیا دەست بە تێلاَیە***

***نـــازانێ ڕۆژان ڕۆژی لـــە دوایە***

# ئازار مانگی خەم و خۆشی گەلێك*

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو و زۆربەی کاتەکانی بەشی ئازار و خەم پشکی شێری بەرکەوتووە، لە چاو ئەو بەشەی بە خۆشی و شادی ناسراوە ، ئەو ئازارو خەمە لە دەیەمی ڕابردووی سەدەی پێشوودا گەر بنرخێنین بەڕوونی بەرجەستە دەبێ لەوانە کارەساتی هەڵبجە ، دەتوانین ناوزەندی بکەین بە قورسترین و دژوارترین کارەساتی گەلی کورد و مرۆڤایەتی لە دوای کارەساتی کۆمەڵ کوژی ئەنفال کەلە 1988/3/16 دا بەعسیەکان بەرپایان کرد لە چەند چرکە ساتێکدا ڕۆحی پێنج هەزار مرۆڤ وەك گەلای پاییز وەرینە سەر زەوی شاری هەڵەبجە .

لەم گۆشەیەدا ئەوەی مەبەستمە لێی بدوێم هەردوو کارەساتی (هەڵەبجە و ڕاپەڕینە) یەکەمیان وەك ناخۆشی و ئەوی تریان شادی و خۆشی ، دیارە زۆر لە دەقە ئاسمانیەکان و پەندەکانیشدا ئەوەیان پشت ڕاست کردۆتەوە کە دوای ناخۆشی خۆشی دێت ، بۆیە دەکرێ وای دابنێین پاش سێ ساڵ لە مەرگەساتی هەڵەبجە ، ڕاپەڕین ڕۆحی نەتەوەی کوردی خستە خۆشییەوە بەوەی جامی زۆرداری و چەوساندنەوەی بەعس پڕ بوو لێی ڕژاو ئازادی

* بلاّو کراوەتەوە لە ژمارە (26)ی گۆڤاری کار

بووه جوانترین هێماکانی بەرجەستە بوونی ناخی مرۆڤی کورد ، هەرچەندە بەرەی کوردستانی ئەوسا کە ڕابەرایەتی ڕاپەڕینی کرد ، ڕاستە نەخشەو پیلانی جوان دانرا بوو بەلاَم بەهۆی کێبڕکێی حیزبی و پەیڕەو نەکردنی بەیاننامەی بەرەی کوردستانی شیرازەی ڕاپەڕینەکە ڕەوتی خۆی گۆڕی و بووە (ڕاوو ڕوت) کە لای خەڵکی کوردستان بە (R-R) ناسرا بوو .

دیارە هەلومەرجی ئابووری ڕۆڵی لەو کایەیەدا گێڕاو دەرئەنجامەکەشی کۆڕەو و کۆچی بە کۆمەڵی نەتەوەیەك هاتە ئاراوە و بووە واقیع کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی بێزار کردو ناوچەی ئاسایش دانرا بۆ کورد تا سنوری دەسەلاَتی بەعس دیاری بکرێت . پاشان پەرلەمان و حکومەت هاتنە ئاراوە خەڵکی بۆ ئەو ساتانە پێیان دڵشاد بوون ، بەلاَم تەمەنی شادی و خۆشی کەم خایەن بوو .

شەڕی ماڵوێرانی ناوخۆی حیزبەکان بەرپا بوو دوای ئەوەی چەند هەزار گەنج بوونە قوربانی و میللەتی کورد تیایدا تاوانبار کراو حیزب و سەرکردەکان بە گووتەی خۆیان بێتاوان دەرچوون ، ئەمانە لە ئاکام و ئەنجامی ڕاپەڕین دەرکەوتن . زۆر کەسیش بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ناڕەوایی دەڵێن هەموو گەلێك بەم قۆناغانەدا تێپەڕ بووە .

پێیان دەڵێم : ڕاستە لە شاخ و کاتی شۆڕشدا شەڕی ناوخۆ نەکرا بۆیە دەبوو بکرێ و لە شاردا ئەنجام بدرێ کە پێچەوانەکەی ڕاستە ، وا ئێستا شانزە ساڵ بەسەر ڕاپەڕبن تێدەپەڕێت و پێنج کابینەی حکومەت گۆڕاوە و پەرلەمانی کوردستان هەر خەریکی چاکسازی یاسا و دەستوری ژیانی کۆمەلگایە و خاکی وولاَت بۆتە بەهەشتی پڕ لە نوری کارەبا و سوتەمەنی

زۆر و زەوەندی خۆمان و دەیان بەرپرس و وەزیر لەسەر گەندەڵی دراونەتـە دادگا و یاسای دادوەری کۆمەڵایەتی ویاسا لەسەرو هەمووانەوەیە بەرجەستە بـووە ، کـە ئەمانـە تـەنها لـە خەونەکـەی هونەرمەنـدی کۆچکردوو (کـەمال سابیر) دا بوونیان هەبوو کەلـە بەرنامەیـەکی کەشـکۆڵدا نمـایش کـرا . بۆیـە ناچار بۆ ئەوەی نەڵێن نووسەر ڕەش بینە ، دەڵێم : بە ئومێدی باشتر "

# بۆ جەژنی کریکاران*

یاسای ژیان وایە هەر کەسەو بۆ خۆی ڕۆژێك دەکاتە بۆنەو بیرەوەری و ساڵانە ئەو ڕۆژانە لە تەمەنی ئەو کەسەدا بەرز دەنرخێنن ، وەك جەژنی لە دایك بوون یان جەژنی بە یەکگەیشتنی دوو ئەڤیندار و هەندێ بیرەوەری تر ئەمە وەك خودو تاکە کەس ، دیارە ئەم هاوکێشەیە گەر فراوان بکەین ، چین و توێژ و نەتەوەو وولاتانیش لەم ڕەهەندە بەدەرنین ، هەریەکێك لەوانە ڕۆژێك دەکەنە بۆنەو ئاهەنگ گێڕان لێرەدا نامەوێت باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدان و درووستبوونی ئەم جەژنە بکەم چونکە زۆری لەسەر ووتراوە بەڵام دەکرێ کرێکاران لەم ڕۆژەدا بۆنەکە بڕازێننەوە بە یەکگرتن و پێداگرتن لەسەر یاسای کارو گرنگیدان بە بوارە کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکار بە تایبەت دابین کردنی بیمەی پاشەڕۆژ و کارئاسانی کردنی کرێکاران بۆ بواری تەندروستی وهەموار کردنی پەروەردەی دروست بۆ منداڵانی کرێکاران ، لە هەموو کارێك گرنگتر لەم ساتەدا تێگەیشتن لە بنەماکانی دیموکراسی و گرنگیدان بە بواری هەڵبژاردن و کردنەوەی خولی جۆراوجۆر و ناردنە دەرەوەی کرێکارانی

* بلاّوکراوەتەوە لە ژمارە (27)ی گۆڤاری کار

کارامـە تـا سـوود لـە ئـەزموونی کـاری کرێکـارانی بەهرەمەنـد وەربگرێـت و شانازییە گەورەکەی مێژوو هەر بۆ ئەم چینە بێت .

ناکرێـت لـە خـەبات و قوربـانی و شۆڕشـەکانی جیهانـدا ڕۆڵـی ئـەم چـینە پشت گوێ بخرێت ، لـە کوردستانیشدا ئـەم چـینە لـە خـەبات و قوربانیـدان دانەبڕاوەو بەشی شێری بۆخـۆی بچـڕیوە بەڵگـەشمان ئـەو هێـزو لایەنانـەی خـەباتی چـینایەتییان بـە خـەباتی نەتەوایـەتی گەلەکـەمان بەسـتبووە وە کرێکـاران لـەو خەباتـەدا بەشـداری مـەزنیان هـەبوو تەنانـەت لـە خۆپیشـاندانەکانی دژ بـە ڕژێمـی بـورژوازی بەعسـی عـەرەبی زۆر شـیعاری گەورەو ماناداریـان دەوتـەوە کـە بوونـە وێـردی سـەر زمـانی خۆپیشاندەران لەوانـە (ئێمـە چـینی چەوسـاوەین ، چەکوشـەکەی دەسـتی کـاوەین) یـان زۆر جار بە هۆی بەر بڵاوی بـیری سۆسیالسـتی و قوڵبونـەوەی ڕێبـازی چـەپ لـە کوردستانـدا لاوانی کرێکار و زەحمەتکێش لەو وتانەدا زیادە ڕۆییان دەکرد و دەیان ووت (ئێمە نەوەی مارکیسین ، لە سێدارە ناترسین) هەرچەندە من بۆ خۆم تێبینیم لەسەر ئەو شیعارەی دوایـی هەیـە بـەڵام نـاکرێ ڕۆڵـی گـەورە فەیلەسوفێکی وەك مارکس لە خەباتی چینی کرێکاراندا فەرامۆش بکرێت و باس نەکرێت لەلایەکی ترەوە هۆکاری سەرەکی ئەم شیعارانە دەگەڕێتەوە بۆ ئامانج و ئاکاری بزوتنەوە شۆڕشـگێڕیەکانی ئـەو سـەردەمەی کوردسـتان کـە زۆربـەیان چـەپ بـوون و هـەڵگری بـیری (مـارکس و لیـنین) بـوون ، جگـە لەوەش ڕەوتی چەپ ببوە مەودایەکی فراوانی جیهانی و ناوچەیی هـەر ئـەو ڕەنگدانەوەیـە گەیشـتبووە نـاو خـەڵك و ببـوە پـەیامێکی مـەزن تـا مرۆڤـی ماندوو لە سێبەری ئـەو ئایدیایـەدا پشـویەك بـدات و ڕۆحـی ئـارام بگرێـت ،

لەم ڕۆژەدا سەری ڕێـزو خۆشەویستی بـۆ چـینی کرێکار دادەنـەوێنم پێیـان دەڵێم ئێوەن دروستکەرو بونیاتنەری جیهانێکی جوان کە پڕە لە ئاسودەی و ئارامی و شادی ، کرێکارانی کوردستانیش سەربەرزی بۆ ئێوەو خەباتە جوان و نەپساوەکەی چـینایەتی و نەتەوایـەتیمان دەسـتی زبـروو مانـدووتان بـا هەمیشە لەسەر سکی تێرتان بێت و ئایندەتان گەش و وڵاتتان سەرفراز بێت و جەژنتان پیرۆز بێت .

# کالا بەقەد بالا*

کە ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و کەسانی دڵسۆزی ئەم گەل و نیشتمانە ڕەخنە لە دەسەلأت و حکومەتی هەرێم دەگرن زۆر تەفسیر و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ یان کە چین و توێژ و شوێنێك دەکەونە ناڕەزایی دەربڕین و مانگرتن پاساوی نابەجێ و ناڕەوا بۆ بەربەستی ئەو دەنگانە دروست کراوە بە کەسانی گێرەشێوێن و دەستی داگیرکەران دراونەتە قەڵەم بێ ئەوەی جارێك دەسەلأت ئاوڕێك لە کارو بەرهەمی حوکمی چەند ساڵەی خۆی بداتەوە .

پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی خۆیان دابنێن ، لە لایەکی تر دەکرێ بپرسین کێ حکومەتی پێك هێناوە کە هەموو دەزانین حیزبەکانن ، ڕاستە خاوەنی خەبات و قوربانی دانن ئەویش کە خەڵك سەرچاوەی بووە .

لەلایەکی تر بەرنامە و ئامانجی ئەو حیزبانە لەسەر کاغەز (دیموکراسی ، ئازادی ، سۆسیالیستی ، مەدەنی... هتد) بۆتە شیعاریان کەچی ئەمانە تەنها ووشەیەکن هیچ کەس ناتوانێ بە کردەوە هەستیان پێ بکا ، بەڵگەش پاش شانزە ساڵ لە ئەزموونی حوکمڕانی و گۆڕینی پێنج کابینەی وەزارەت تەنها

---

* بلأو کراوەتەوە لە ژمارە (28)ی گۆڤاری کار

یەك وەزیر و كەسێك و بەرپرسێك هیچ خراپە كاری نەكردووە و كورسی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەكار نەهێناوە ، گەر وانیە بۆ هیچ كەس لەم وولآتەدا لێپرسینەوەی لەگەڵ نەكراوە ، تۆ بڵێی ئەو كەسانە هەموویان لە ئاسمانەوە بە تایبەتی نێرردرابن چونكە وەك جۆن دیوی دەڵێت " مرۆڤ بونەوەرێكی خۆ خواز و شەڕئەنگێزە لە سروشتەوە " .

یان ئەگەر سەیرێكی حكومەت و پەرلەمانی عێراق بكەین زۆر لە پێش ئەوانەی خۆمانەوەن لەم رووەوە سەرەڕای نا ئارامی ناوچەكانیان ، ئەوەتا لیژنەی نەزاهەیان داناوە و لێپرسینەوە و لێپێچینەوە لەو كەس و لایەن و بەرپرسانە دەكەن ، كە كاری گەندەڵیان ئەنجامداوە .

بەلآم لای خۆمان نەك ئەو كارە نەكراوە بە پێچەوانەوە كەسانی خراپ گەورە كراون یان كورسیەكانیان چۆڵ ناكەن لەبەر ئەوەی پشتیان هەیە ، لەم وولآتەدا دەیان و سەدان كەس هەن لە جیاتی پۆستێك چەند پۆستێكیان لە حیزب و حكومەتدا هەیە پارە و پولی وولآت بە هەدەر دەبەن ، دەكرێ بڵێین دیموكراسی لە وولآتی ئێمەدا عەیارە بیست و چوارە با خەڵك لێمان فێربن وەك زۆر كەس وایان دەوت تۆ بڵێت كالآ بە قەد بالآ بێت ؟

# قەدەری لاوانی وڵاتەکەم*

زۆر جار وتـراوە کـە هەرکـەس گـەنجی هـەبێ ، ڕەنجیشـی دەبـێ . دەکـرێ لەسەر ئەم وتەیـە هەڵوێستەیەك بکـەین و لەگـەڵ ئـەم سـەردەمەی وولاتـی خۆمان بـەراووردی بکـەین ، لای ئێمـە گـەنج هەیـە بـەلاَم ڕەنجی گـەنج بـۆ کێیـە ؟ جاران لـە قوتابخانـە دارشـتن دەهاتـەوە بـەم شـێوەیە (ڕەنجی گـوڵ بولبـول دیکێشـێ بـەلاَم بۆنەکـەی بـا دەیبـات) بـەلاَم لـەم ڕۆژەدا گـەنج وەك بولبولە داماوەکـەی لێهاتووە بـەلاَم بـۆنی گوڵەکـە هـەر بـا دەیبـات ، دەکـرێ لاوان بکەینە تەوەری زۆر باس و لێدوان ، بـەلاَم بـەلاَم کەدێینـە سـەر باسـی لاوان بەرپرسان لە کاتی هەڵبژاردندا هیچ ناهێڵنەوە و بە قسەی سەر شاشـە لاوان دەکەنـە پاشـای عەرشـی سـەرزەمینی وولاتەکـەیان ئـەویش وەك ئـەو بەڵێنانـــەی کـــە بـــە هەڵبجـــە دراون پـــاش هەڵبژاردنـــەکان هـــەمووی بیردەچێتەوەو دەچنە خانەی دوای بیرکردنەوەی خۆیان .

لە هەمووشی سەیرتـر کە کچ و کوڕێکی لاو بەیەکەوە لە شوێنێکی گشتی یان تایبەتی بەیەکەوە ڕازەکانی دڵیان بگۆڕنەوە چاوێك لێیـان دەبـێ بـە دە چـاو واتـە بەسـەیر کردنـی کەسـێك وەك بیسـت چـاو سـەیریان بکـات وایـە

* بلاَو بۆتەوە لە ژمارە (29)ی گۆڤاری کار

چونکه به پاساوی دژ به شەرع و یاسا و کۆمەڵگا دەیان دەنه بەر نەشتەری توانجی ناڕەواو دەسەڵاتیش بێدەنگە لەم بێ حورمەتیە کە بەرامیەریان دەکرێ .

بەدەر لە لاوانی هەژاری وولاتەکەم کوڕان و کچانی بەرپرسان ژیان و سەفەر و گشت خۆشییەکانیان یۆ دابین کراوەو لاوان و گەنجانی هەژاریش بۆ خۆیان با هەر بە خەیاڵی عەشقی بێ ئاکام و گیرفانی خاڵی و خەونی بەدی نەهاتوو تەمەنیان بەرێ بکەن .

له کاتی پێشکەش کردنی بەرنامەی (ڕوانگەی هونەر) لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان چەند گەنجێکی قەزای چوارتا داوایان لێکردم لی یەکێك لە گۆشەکان باس لە موعانات و خەمیان بکەم ، بە سکاڵای ئەو لاوانە سەرسام بووم ، هەرکەسێ سەردانی ئەم قەزایە بکات خەمی ئەوان هەڵدەگرێ ، سەیر لەوەدایە لەو قەزایەدا گەنج و لاو هیچ حسابێکیان بۆ نەکراوە نەباخچە و نە یاریگاو نەشوێنی حەوانەوەی تایبەت و نە سەنتەر و نە هیچ ئاوڕلێدانەوەیەك تەنانەت لە هەموو قەزای چوارتادا یەك بلاّو کراوەش دەرناچێ کە شارەوانی شوێنەکانی تر ئەم کارە دەکات ، جگە لە خزمەتگوزاری مۆبایل کە سەرتاسەرییە نە سەنتەری ئەنتەرنێت و نە کۆمپیوتەر گەنجانی چوارتا لێی بێبەشن .

ئەگەر ئەم قەزایە لەگەڵ سەرجەم قەزا و ناحیەکانی تریش بەراورد بکەی چوارتا لە دواوەیە ، بە نمونە لە ڕۆژنامەی (سەیدصادق)دا ژمارەی چالاکییەکانی ناوچەی سەیدصادق لە ساڵێکدا گەشتۆتە زیاد لە (180) چالاکی بەلاّم لە چوارتادا هیچ نەکراوە ، ئەم پرسیارە لە کێ بکەین لە

بەرپرسانی ناوچەکە کە خەمساردن یان لاوان و گەنجان مشوری خۆیان ناخۆن . دەکرێ بڵێین قەدەری لاوانی ئەم ناوچەیە بەدەرە لە سەدەی بیست و یەك و نازانرێ چ سەردەمێکە مەگەر قەدەر دیاری بکات "..

# ئارامگرتن و ماددەی (140)*

ئارام گرتن و هێواش و نەرم و نیانی بۆ زۆر کەس و لایەنی ژیانی خەڵك دەکرێ بکرێنە پۆلێن بۆ شوناس و کەسایەتی و ناسنامەی نەتەوەیی، هەرچەندە ئارام گرتن لە کۆمەلگا ڕۆژهەلاتیەکاندا کەم بەدیدەکرێت، چونکە پەروەردەی کەلتوری تودوتیژی زاڵە بەسەر ئارامیدا، کوردیش وەك نەتەوەیەك لەم ڕۆژهەلاتە دەبێ بکرێتە قالبی بەدەر لە ژیانی ئارامی بەهۆی هۆکارە سیاسی و پەروەردەی و دەرونی و ئابوری کە بونەتە فاکتەری بەهێز تا مرۆڤی کورد ماڵئاوایی لە ئارامی بکات و ژیانی پڕ بێ لە بێ هودەی و نا ئارامی کە ئەمانەش دەبنە بەدیهێنەری توندوتیژی و بەرەنگاربونەوە و ململانێی ئەوانی دی، دەکرێ بەو پێوەرە ژیانی خۆمان لە قالب بدەین و بخوێنینەوە و بۆتەی جیاوازی ژیانمان لەگەڵ نەتەوەکانی تر بە تایبەت نەتەوە خواپێداوەکانی ئەوروپا کە گەیشتون بە ئاسودەیی لە ڕووی ئارامگرتن و قبولّ کردنی ئەوانی ترو ڕێزگرتن لە یاساو مافەکانی تاك و هەوڵدان بۆ وەك یەکی لەبەرامبەر یاسادا کە لای ئێمە ئەمانە جارێ بونیان نیە، ئەوانەی ئاماژەم پێدان وەك شێوازە گشتییەکان لە ژیانی تاك و

---

* بلاّو کراوەتەوە لە ژمارە (30)ی گۆڤاری کار

کۆمەڵدا، دەکرێ باس لەکارێکی تری زۆر گرنگ بکەم کە سیاسیەکانی کورد بە پێچەوانەی عروفی ژیانی کۆمەڵگاکەمان کە هەمیشە توندوتیژو نائارامین ئەمجارە بە ئارام و لەسەرخۆ کاری لەسەر دەکرێت کە زیانی زۆرگەورەی بە دواوەیە ئەویش کەم بایەخدان و بگرە پشت گوێ خستنی ماددەی (140)ی یاسای دەستوری هەمیشەیی عێراقە کە بەکۆتای ئەمساڵ ئەو ماددە یاساییە چارەنوسی بەرەو نادیار هەنگاو دەنێت، بەلاَم سیاسیەکانی کورد ئەو ماددەیەیان پشت گوێ خستوە کەلای خەڵکی کوردستان بۆتە پرسیارو سەرنج، بەلاَم بۆ بودجە چەند جار سەردانی پایتەختی بێ ئارام و بێ دەسەلاَت هەنگاو دەنێن.

تۆ بڵێی حکومەتی مالکی بودجەکەی نەخستبێتە بری کاڵبونەوەی ئەو مادەیە تا سەرانی کورد بێدەنگ بکات و کێشەکە بکەنە دیزە بەدەر خۆنە، ئەگەر نا بۆچی نوێنەرانی کورد ئەوانەی کاریان خزمەتی یەکخستنەوەی هێزو لایەنەکانی تری عێراقە بێ هەڵوێستن بەرامبەر بەو کێشە گەورەیەی کورد دیارە دەیانەوێ زیاتر پاروی چەور بۆ دەمی خۆیان بێت، مێژوی نەتەوەی کوردهەروا بە ئاسانی باز نادا بەسەر ئەم قۆناغە و بێ بایەخ کردنەی کە سیاسیەکانی کورد بەرامبەر بە ناوچە گرنگ و هەستیارەکانی کوردستان دەیکەن کە بەرنامەی بێ هەڵوێستیان کردووە بە کاری بەردەوامی خۆیان.

من دەپرسم ئەگەر ئێمە لە جێگەی ئەوان بوینایە ئەوان بۆ کەرکوك وەك ئێمە دەبوون؟. دڵنیام وانەدەبوون و هەڵوێستی توندیان دەردەبڕی و نەك حکومەتیان هەڵدەوەشاندەوە بگرە هەرای گەورەشیان دەنایەوە، جا

کەواتــە خــەڵکی کوردســتان مــافی خۆیــەتی لــە ســەرکردایەتی سیاســی کوردبپرسێ، بۆچی بێ هەڵوێستن ئەگەر ناتوانن کار بکەن و قسەتان نـاخوا بە خەڵکی ڕابگەیەنن تا ئـەوان ڕێگـەتان بـۆ دابنـێن، دیـارە وەك لـە مێـژەوە وتـراوە هەق دەسەنرێ و بەڵام نادرێ.

# یادی شانزە ساڵەی کۆڕەو بیرەوەری تاڵ و شیرین*

لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەی کورد پڕە لە گەشی و جوانی و زۆرجاریش مرۆڤ توشی سەرسامی و بێ هیوایی دەکات ، ئەوەی بۆتە خاڵی گۆڕان و یادی دوو جەمسەری لە مێژوودا کۆڕەوەکەی سەرەتای مانگی چواری ساڵی 1991ی سەدەی ڕابردووە .

کە دەڵێن یادی دوو جەمسەری مەبەستمان خۆشی و تاڵی ئەو ڕۆژەیە لە هزری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دا ، لە خۆشیەکەیدا چەند هێڵکی جوان بەدی دەکرێت کە ئاستی یەك ڕیزی و ڕەتکردنەوەی دەسەلاّتی هێزی داگیرکەران بە نامۆ و بێزار درایە قەڵەم و خەڵکی کوردستان بە جێهێشتنی ماڵ و ژیانیان خستە بەر چاوی دنیاو بۆ جیهانیش دەرکەوت کە گەلی کورد بە دەستی ڕژێمی بەعسی عەرەبی ئازاری زۆری چەشتووە بۆیە ڕوی لە سنورە دەستکردەکان کرد و تێکی شکاندن .

بەلاّم دەکرێ ڕەهەند و چەمکەکانی کۆڕەو لەو زەمەنەدا بە بەراورد لەگەڵ ویست و خواست و ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەراورد بکەین بەوەی ڕاستە زۆر لە ئاوات و مەبەستەکان لێیان بێ ئومێد نەبووین

* بلاّو کراوەتەوە لە ژمارە (1)ی گۆڤاری تروسکەی ڕاز

، هەرچەندە نەگەیشتوینەتە چڵە پۆپەی هیچ کام لەو ئامانجانە ، لە گۆشەیەکی ئاوادا ناکرێ گشت لایەنە بینراو و شاراوەکانی کۆڕەوی گەلەکەمان باس بکەین خۆ دەکرێ وەك بیرەوەریەك و زەنگێك بیخەینەوە هزری خۆمان و جارێکی تر دەرس و وانەی مێژوویی لێ فێربین و ئەوانەش کە لەو ڕۆژانەدا کۆچیان کرد و گیانیان بەخت کرد بە مرۆڤی بە هەڵوێست و قوربانی ڕێگەی خەباتی ئازادی نەتەوەی کورد بیان ناسێنین ، خاڵێکی تر کە زۆر گرنگ بوو دروست کردنی ناوچەی ئارام بۆ خەڵکی کوردستان کە نەتەوەیەکگرتووەکان سەلماندی هەر لە سایەی ئەو بڕیارەدا بوو گەلی کورد توانی دەستی بکرێتەوە پەرە بە ئازادی خۆی بدات و پەرلەمان و حکومەت دابمەزرێنێت کە بە داخەوە پاشان شەڕی ماڵوێرانکەری ناوخۆ لە ئاستی ئەو ئامانجەی کەمکردەوەو جارێکی تریش خەڵکی تووشی دڵە ڕاوکێ و بێ هیوایی کردەووە ، بەلاّم ئێستا لەگەڵ گشت کەموکورتیەکان و خەونە وەنەوشەییەکانی گەلەکەماندا یادی کۆڕەو باشتر بەرێوە دەچێت ، چونکە حکومەت و پەرلەمان یەکیان گرتۆتەوە ، دەخوازرێ کاراتر بکرێت و لە حکومەت و پەرلەمانی حیزبەکانەوەبکرێنە دامودەزگای خەڵکی و خزمەت بەگشت چین و توێژەکان بکەن لە کوردستانی ئازیزدا .

# شێخ ئەنوەر ئەودەنگەی زایەڵەی دەنگێکی هەمیشەییە.

دەکرێ پێو دانگەکانی کەمی ئاستی رۆشنبیری و کۆمەلأیەتیەکان ببنە ئەو کەلێنەی رۆشنبیران و کەسانی بەهرەمەند بێبەشبن لە خزمەتی گونجاو و رێز گرتنیان ئەمەش نەگونجان دروست دەکات و دەیانخاتە پەراوێزەوە , بەلأم پاش رۆیشتنیان و لەدەست دەرچوون فرمێسکیان بۆ دەرێژن و پەشیمان دەبنەوە بۆ ژیان , نمونەشمان زۆرە هەربۆیە نەجمەدین مەلای خاوەنی کەشتی نوح دەڵێ لەپاش خۆم هیچ فرمێسك و شیوەن و خەمم ناوێ چونکە ئێمە ( زیندوو کوژی مردوو پەرستین ) هەروەها گۆرانی مەزنیش لە شیعری دەروێش عەبدولاّ لە کۆپلەیەکدا دەڵێ:

**بەڵێ راستە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار**

**وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لیـــخندا**

دیارە شێخ ئەنوەری شاعیری هەست ناسکی ئەم نەتەوەیەش بەو جۆرە خرایە پەراوێزەوە لە ژیانیدا ئاورێکی بە دڵ ئۆخەی لێنەدرایەوە, سەرەتای ناسیاویم لەگەڵ شێخ ئەنوەردا دەگەرێتەوە بۆ قۆناغی ناوەندی ئەو کاتانەی تامەزرۆ و خولیای خوێندنەوە بووم و دەچووم بەو پارە کەمەی رۆژانەم

کتێبم لە شێخ ئەنوەر دەکڕی تا دوای تەواو کردنی خوێندن و تاودانی قەڵەم و نوسینیش بەردەوام لە شێخ ئەنوەرەوە نزیك بووم هیچ شیعرێکی خۆی نییە چەند جار بۆی نەخوێندبێتمەوە زۆر جار کە بێزاری یەخەی دەگرتم وەك هەموو لاوێکی ئەم وڵاتە دەچوومە چاپخانەی شەعب سەبوریم بە شیعرەکانی شێخ ئەنوەر دەهات جار جارەش شیعرێکی تەنز ئامێزی بۆ دەوتم خۆی دەدا لەشانی شیعرەکانی شێخ رەزای تاڵەبانی, لە هەڵوێست و کورد بووندا شێخ کەسێکی ئازا و چاونەترس بوو جگە لەخۆی مامۆستا رەئوف حەسەن چیرۆك نووس باسی هەڵوێستێکی مەردانەی شێخی بۆ باسکردم کە چۆن لە (مولازم موحسین)ی داوە ئەو مولازم موحسینەی لەو سەردەمەدا خەو و خۆشی لە لاوانی شار حەرام کردبوو , هەرچەندە شێخ ئەنوەر لەسەردەمی خۆیدا بۆی ئەنجام نەدرا، بەڵام ئەگەر بێتوو دەزگایەکی چاپ گشت بەرهەمەکانی شێخ ئەنوەر کۆبکاتەوە و لە چاپیان بدات دڵنیام دەیان لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت چەندین کەسیش بڕوانامەی لەسەر وەردەگرن.

ئەو خەمی گشت کەسێکی هەڵدەگرت لەشیعرەکانیدا مناڵانی هەژار و سینی بەدەستەکانی ناو بازاڕ و بۆیاخچی دەبوونە هەوێنی شیعرەکانی شیعری جوتە پێڵاو باشترین سەلمێنەری ئەم قسەیەمانە جگە لە باوەش کردن بە جوانییەکانی سروشتی کوردستاندا کە رەنگی داوەتەوە لە شیعرەکانیدا, چەند ڕۆژێك بەر لە مەرگی شێخ ئەنوەر لە چاپخانەی شەعب هاتە لای من و بەکر پشدەری شاعیر پێی وتین لە خەوما مردبووم بەکر پشدەری پێی وت: شێخ دەمری؟ لەوەڵامدا وتی: نا عومرم لە نوێ

دەنوسـرێتەوە بـەکر پشـدەریش وتـی یـا شـێخ هـەمووومان دەمـرین ئەگـەر بشمری تەنها بەلاشـەیە تـۆ نـاو و دەنگـی شـیعرەکانت هـەر زینـدوون، شـێخ چـونکە راسـتگۆ بـوو خەونەکەشـی هـەر بەڕاسـتی بـووە واقعێك و ماڵئـاوای لێکـردین شـێخ ئـەنوەر مردنـی سـلێمانی زۆر لـەلا خـۆش بـوو لـە دێڕێکـی شیعرێکیدا دەڵێ:

**بابچینەوە بۆ سلێمانی بۆ ئەو شارە پڕ لە جۆش و خرۆشە**

**بە وەلأیـــــــــی لـــــــەوێ بمرین مردنەکەشی هــەر خۆشە**

دە شێخی شاعیران ئـەو مردنـەی کـەلات خـۆش بـوو لـە شـارەکەی خۆتـدا لەگەڵی باوەش بە ئارامیدا بکـە و تێـر بنـوو چـاو لێـك بنـێ دڵنیابـە ئـەوەی بـۆت جێهێشـتوین توێشـوی رێگـای سـەفەرمانە و لـە دەفتـەری هزرمانـدا تۆمارمان کردوون، لە کۆتایشدا شیعرێکی حەزرەتی مەحوی دەکەمە چەپکە گوڵی دیاری و دەیخەمە سەر گۆڕی شێخ ئەنوەر.

***لە رۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی تـــان و پـــۆ شینە***

***لەسایەیدا شەڕابی بەزمی عوشرەت گریــە و جۆشینــە***

***دەبینی جێیەك ئەمڕۆ بەزمی عەرشی بادەنۆشینـــــە***

***سبەینێ زوو زەمانە وەزعی گۆڕیوە , لە نۆشینـــــــە***

***لەکێ پرسم دڵی پڕ لـــــــە خوێنی حەسرەتە یاقوت ؟***

***عەزا پۆش چییە و کێیە , جلی پیرۆزە بۆ شینـــــــە؟***

***بەهارێکی کە داخۆ بێ، نەبێ، هەی بێن و شینێ کەین***
***فەلەك هەرشینە، سەحراهەرشینە کێوولێوی جۆ[*] شینە***
***هەناسەم دا بە ناڵە عەرز حاڵی کەم کـــــــــە تاساوە***
***لە خوێناوی دڵ و جەرگم دەرونم کەیلە تاسینـــــــــە***

لەچلەی شێخ ئەنوەری شاعیردا خوێندراوەتەوە.
2006/4/8

[*] تێبینی :وشەی جۆ بەمانای جۆگەلەی ئاو دێت کە دوو جار هاتووە.

# گەنج و خەونی دیموکراتی و حیزبی کوردی*

گەنجێتی ئەو قۆناغە گرنگەی ژیانی مرۆڤ کە توانای هێزو بیرکردنـەوەی قوڵ و کاری داهێنەرانە زۆر بە باشی تیایدا بەرجەستە دەبێت، بـەڵام چۆن وکەی؟ دیارە کە ئەو وزەو توانایە بەگەڕ بخرێت و بەربەست و ڕێگـر نەبنـە لەمپەر لـە بـەردەمیان دەکرێـت بپرسـین گـەنجێتی لـە کۆمـەڵگا پێشکەوتوو خـوا پێـداوەکان ئـەو هەلـەیان بـۆ ڕەخسـاوە؟ لـە وەڵامـدا بـێ چـەندو چـون بەبـەڵێ وەڵام دەدەینــەوە، بــەڵام لــە کۆمــەڵگا ڕۆژهەڵاتیــەکان کـە ئێمــەش دەگرێتەوە، پێچەوانەی ئـەوان هـیچ حسابێك بـۆ تواناکـانی گـەنج نـاکرێ و تـەنها لاشـەیان لـە شـەڕی بەدەسـت هێنـانی کورسـی و سـەرمایەی کەسـانی پـاوەنخواز دەسـوتێ و کـرم تێـی دەدات، دەکرێـت بـە ناعەدالـەتی لـە قـەڵەم بدرێت، لە هەمان کاتدا بەهۆی هۆکارەکانی ژیاری و تەکنیکی، گەنج هەست بـەو بێڕێزیـە بکـات کـە بەرامبـەری دەکـرێ، ئایـا گـەنج خـۆی هۆکـارە یـان دەسەڵات و حکومەت؟ ڕاسـتە لانـی کـەمی تاوانەکـە بـەر گـەنج دەکـەوێ کـە نابێتە فاکتەری فشـار بـۆ گـۆڕینی ئـەو بـیرە خراپـەی دەسـەڵات، بـەڵام لانـی زۆری بێهەستی و کەم تەرخەمیەکە بـۆ دەسـەڵات دەگەڕێتـەوە، هـەمووشمان

* بڵاوکروەتەوە لە ژمارە (1)ی گۆڤاری شەن

باش دەزانین کە دەسەڵات کێ بەڕێوەی دەبات؟ کە حیزبە مشەخۆرو گەندەڵەکانی ئەمڕۆی کوردستانن، دیارە پیاوی حیزەبەکانیش نایانەوێ بازنەکە فراوان بێت وگەنج ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات تابەباشی کۆنتڕۆڵی بکەن و بەرژەوەندیەکانیان پارێزراوبێت، لەلایەکی تر بە فێڵ وبەرنامە دارشتن دەڵێن دیموکراتی لای ئێمە پەخش دەبێت بۆ کۆمەڵگە بۆیە مەکتەبی تایبەت بۆ سەرجەم رێکخراوەکان دادەنێن دەیانخەنە ژێر چەتری حیزب وناوی دەنێن رێکخراوی مەدەنی، بەڕاستی سەیرە مەدەنیەت و رێکخراوبوون وئازادی تەنها لای حیزبی کوردی دژن وچەپڵەلێدان و بێ دەنگی وڕازی بوونە بە فەرمانی سەرەوەی حیزب کە ئەویش رێژەی نەگۆڕەو تا مردن هەر یەك کەسەو گۆڕین لە سیستەمی دیموکراتی رۆژهەلأتدا بونی نیەو وەك زەمانی خەلیفەکان وایە، تا خەلیفە نەمرێت کەس جێنشینی نیە، دەکرێت لە دوای حەڤدە ساڵ لە حوکمی بێ حوکم دەسەلأتی هاوشێوەی دەسەلأتەکانی تر گەنج چاوەڕوانی چی بکات؟ چ هیواو ئومێدێکی هەبێت بە حیزبەکان و ئەو دیموکراتیە بێوێنەیەی کەس لە خراپیا ناتوانێت شان لە شانی بدات، بۆیە کاتێك سەیری ژیانی گەنجی ئەوروپا دەکات و بە ژیانی خۆیان بەراوردی دەکەن هیچ رێگە چارەیەك نیە هانای بۆ ببات ناچار واز لە دایك و باوك و خەڵك و براو کەسو کارو نیشتمانەکەی دەهێنێت، کۆچ دەکات لەو کۆچەشدا زۆرجار بە خەونەکەی ناگات لە رێگا سەردەنێتەوە، دەبێتە خۆراکی ماسی دەریاکان، کە گەیشتە ئەوێش پێش هەموو شتێك شوێنی حەوانەوەو ئارامگرتنی بۆ دابین دەکرێت، لەوێ ئاسودە تر دەبێت، ئەوە بۆتە شالأوی کۆچی لاوان بەلأم

دەسەلأت و حیزبەکانی ئێمە نەهاتون خوێندنەوەیەك بۆ کۆچی لاوان بکەن وتانەو تەشەری نارِەوا لە گەنج دەدەن، دەڵێن هەستی نیشتمانی لای گەنج نیە، کام هەست وکام نیشتیمان وکام دیموکراتی وکام خەونی ئایندە؟ بۆیە دەڵێم دەست خۆشی لەو گەنج و لاوانە دەکەم کە دوای خەونەکانی خۆیان دەکەون وگوێ بەمەرام و ویستی حیزبی بێ ئاگا لە خواستەکانی گەنج نادەن.......

# یاسا ئەگەر بونی هەبێت با بۆ هەموان بێ*

یاسا ئەو پەیڕەو نامە دانراوەیە کە لەلایەن دەستەو لایەنی شارەزا دادەنرێت بۆ هاوسەنگی وڕێگرتن لە مرۆڤی تر تا مافی کەسانی تر نەخەنە ژێر پێوە، یاساکانیش هەمە چەشنن و جیاوازن بۆ هەر بوارێکی ژیان و لایەنەکانی کۆمەڵ یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، بە جۆرێکی تر یاسا ئەو ڕێگایەیە کە ژیان لە سایەیدا گەشترو جوانتر دەبێت و لەمپەر دادەنێ بۆ کەسانی تێکدەرو گێرەشێوێن و بەرژەوەندی خوازو تالانکەرو مرۆڤ لەناوبەرو زۆر لایەنی تر، دەکرێت بپرسین کێ داکۆکی لە یاسا دەکات و جێبەجێ دەکات؟!

دیارە دەوڵەت و دەسەلات لێی بەرپرسن .

باشە ئەگەر هاتوو ئەو دەسەلاتە خۆی دژ بەیاسا کاری کرد کێ لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات؟ لە ولاتانی ئێستاو ئایندە ڕوون گومانی تیا نیە گەل دەبێتە بەرهەڵست کار تا دەسەلات پەیڕەوی یاسا بکات، بەلام لەو ولاتانەی دیکتاتۆر و تۆتالیتار تیایدا بالادەستەو گەڵ و هاولاتیان بە زەبری زۆرو کوشتن و بێ مافی کراونەتە کۆیلەو پاسەوانی پاراستنی ئەو هەیمەنە خراپەی دەسەلات، کەس لەکەسەو کێ ئازاد بوو بەشی خۆی دەبات و بێ

---

* بلاوکراوەتەوە لە ژمارە (4)ی گۆڤاری شەن

بەشی و مەینەت بەشەکان تەنها بێ کەسەکان و هەژاران دەبن، لەم کاتەدا (شعرێکی شاعیرێکی کوردم بیرهاتەوە کەلەگەڵ ئەم نوسینەی مندا یەکیانگیر دەبێ و دەیکەمە نمونەیەکی جوان لەگەڵ ڕەوتی ژیانی ئەمڕۆی دەسەڵات و کۆمەڵگاکەی ئێمەدا گونجاو و تەبایە

دەڵێت:

***کەزانیم فەلەك هاتوچۆیەتی***

***هەرکەسەو هەوڵی دەمی خۆیەتی***

***ئەوەی بێ دەستە واقی وڕماوە***

***هاوار و دادو باوکە ڕۆیەتی***

لەم هەرێمەی ئێمەدا لەدوای ڕاپەڕین هیچ یاساو دەستورو بنەمایەك نیە کە مرۆڤی کورد دڵی پێ خۆش بکات، یەکێك لە هونەرمەندە بەتواناکانی کورد کە لێم نزیکە ماوەیەك لەمەوبەر پێم ووت بۆ ناگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لێرە خزمەت بکەیت؟ لە وەڵامدا ووتی ئێرە بۆ من باشە ناتوانم لە شوێنێك بژیم یاسا هیچ نرخ و بەهایەکی نەبێ وتی ئەگەر لێرە کێشەیەکی یاساییت لەگەڵ وەزیرو هەرکەسێکدا هەبێ یاسا جیاوازی ناکات لە نێوان کەستاندا، منیش وتم لێرە بە تەلەفۆنی بەرپرسێك پێ دەچێ دادگاش توشی داخستن ببێت. وتی باشە ئیتر بۆ بێمەوە بۆ ئەو وولاتەی بەهای جوان نرخی نەبێ وەك یاسا بۆیە ئەوە نیە مرۆڤ لێی بژی. زۆر جار لە هەندێك کەناڵەکان باسی دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین دەبیستین منیش لەگەڵ ئەوەدام کە دەستکەوتە بۆ بەرپرسەکان .سەیری ناو شارو قەراغ شارو گوندەکان تا دەگاتە سەر سنورەکان بکەی کۆشك و ڤێلای ئەوانە

ڕازێنراوەتەوەو کراوەتە شوێنی خۆشی و کەیفی سەفاو ڕابواردنی خۆیان، دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین بۆ خەڵکی هەژارو خەمخۆرو شۆڕشگێڕیش گرانی و خەفەت و بێ مافی، هەندێك دەڵێن نابێت بەراورد لە نێوان بەعسی ڕوخاو دەسەڵاتی کوردیدا بکەن زۆرجار بە کفرو خیانەتی دادەنێین بەلاَم لای من زۆر ئاساییە شتی جوان و ناشرین بەهاوشێوەکەی بەراورد دەکرێ، ڕاستە بەعس ڕژێمێکی ستەمکارو زۆردارو تۆقێنەرو داگیرکەرو شۆڤێنی بو بەلاَم لەو سەردەمەدا ئەو جۆرە ناڕەواییەی ئێستا بونی هەبوو؟ لە سلێمانی شوێنەکانی تریش تەنها یەك خانوی هەبو بۆ پارێزگار هەر کەسێك دەچووە سەر ئەو پۆستە ئەو خانوە هی ئەو بو بەلاَم ئێستا لەبەر داگیرکردنی زەوی لەلایەن بەرپرسەکانەوە سنوری شارەوانیەکان زەوی تیا نەماوە یان کەم بۆتەوە، ئەگەر سەیری گەڕەکی (دور الامن)بکەی خانوی دوو قاتی تیا نەبوو پیاوی ئەوان ڕژێمە بوو کە خانوی پێ بەخشی بوون بەراوردی نرخی بازار بکەن لەگەڵ ئێستا بەدەست گرانی و بێ یاساییەوە دەناڵێنێت، هەشت ساڵ ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئێراندا جەنگی هەبوو نە بەنزین و نەوت و غاز نرخی وەك ئێستا لێ نەها باشە ئێستا بۆ واگرانە؟

لەڕووی بەڕێوەچونی ژیان بەراورد لەگەڵ ئەوساتەی ڕژێم ئێستا خراپترە ئیتر ڕاپەڕین لای خەڵك کامەیە جوانیەکەی؟

لە ساڵی 1975 ڕژێمی بەعس یاسای ژمارە (90)ی دەرکرد تایبەت بە چاکردنی زەوی (قانون اصلاح الزراعی) ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە زەوی بدرێتە ئەو کەسانەی بەکاری دەهێنن و بەرهەمی لێ وەدی دەهێنن واتە زەوی لە دەرەبەگەکان بسەنرێتەوە و بدرێتە جوتیاران و، ئەمە یاسایەك

بوو کە زۆرلە جوتیارانی کورد لێی سودمەند بون یەکەم هەنگاویش بوو بـۆ ڕووخـانی هەیبـەتی دەرەبەگـەکان لـە کوردسـتاندا، بـەڵام دوای ڕاپـەڕینی بەهاری (1991) لە سایەی دەسـەڵاتی کـوردی و حیزبـە دەسـەڵاتدارەکان ئەمە پێچەوانە بۆتەوە چونکە بەرپرسەکان ئەو زەویانـەی کـە کرابـوون بـە زەوی مـیری و پاوانگـەو بـەردەلان لـە گشـت شـوێنەکانی کوردسـتان، هـەر تەپۆڵکەیەك ئەبینی کراوەتـە کۆشـکی سـەیران و ڕابـواردنی بەرپرسـان، کـێ بەرپرسە لە کەسانەی لەبەردەمیاندا ئێستاش زۆربەی یاساکان کە جێبـەجێ دەکرێن یاسای ڕژێمی بەعسی ڕوخاوە بەسەر خەڵکدا وەك پێویست دەسەپێ نـرێت باشە هـەر ئـەو یاسایانە بـۆ بەرپرسـەکان جێبـەجێ نـاکرێ و خـانوو زەویـەکانیان دەسـتی بەسـەردا نـاگیرێ و نادرێتـەوە بـە حکومـەت و خـاوەن مافەکان؟ دەکرێ بپرسین یاسا بۆ هەموانـە یـان تـەنها بـۆ هەژارانـە؟ لێـرەدا ووتەیەکی کۆمەڵناسێکی گەورەی فەرەنسا (ژان ژاك ڕۆسۆ)م بیر دێتـەوە کـە دەڵێ:

**(پیرۆزی بۆ یاسا نەك بۆ ئەوانەی بەکار دێنن)**

بەڵام لەم وڵاتەی ئێمەدا پێچەوانەکەی ڕاستە پیرۆزی بۆ یاسا نیـە بـەڵکو تەنها بۆ ئەوانەیە کـە یاسـا بـە ئـارەزووی خۆیـان لـەپێناوی بەرژەوەندیـــە تایبەتـەکانی خۆیـان بـەکار دەهێـنن، ئەمەیـە بـە پـیرۆز ڕاگـرتنی یاسـا لـەم هەرێمە وێرانەی دەستی حیزبی کوردی.

## هەرێمی بێ دەنگ‌و ڕازی بە هەموو کارەساتەکان*

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو بەشی هەر مەینەتی‌و ژێر دەستەیی‌و چەوسانەوە بووە، ڕاستە دوژمنانی ئەم نەتەوەیەش زۆر بێ بەزەیی و سەرسەخت بوون، بەلاَم بەشێکی ئەم ماڵوێرانیە دەگەڕێتەوە بۆ خەمساردی سەرکردەو ڕابەرانی ئەم گەلە، لەم وتارەدا ناتوانین مێژووی دوور بخەینە ناو باس‌و لێدوانی مەبەست، ئەزموونی دوای ڕاپەڕین‌و بەرەی کوردستانی‌و پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و پاشان شەڕی کورسی‌و دەسەلاَتی حیزبەکانی ئەم هەرێمەو پاشان نە شەڕ نە ئاشتی‌و پرۆسەی ڕووخانی بەعس‌و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق‌و دەستوورەکەی بە بیرو هزری زۆربەمان دێت‌و نزیکە کە چ ئەزمونێکە؟

با بزانین لەم هەموو هاوکێشانەدا توانراوە چی بکرێت بۆ ئایندەی هەرێم؟ هەندێ شت کراوە، بەلاَم ئایا بە پێی پێداویستی سەردەم‌و ویستی کورد بوو؟ پێش ڕووخانی بەعس کورد پێگەیەکی بەهێزی سەربازی‌و ئاسایشی هەبوو ناتوانم بڵێم ئیداری چونکە لە ڕووی ئێدارەوە ئەم هەرێمە سفر بووە، پاش ئەوەی دەسەلاَتەکانیان دابەش کردو پارەو پولی ئەم خەڵکەیان بردو گەلێکیان برسی کرد، دەکرێت بپرسین‌و بزانین کێ

---

* {ڕاستی - ژمارە (30) – یەك شەممە – 2008/1/6}

بارودۆخی دارایی باشبوو لە کاتی گرانیو مەینەتیەکەدا جگە لە بەرپرسان؟ پێش پرۆسەی ڕووخانی بەعسیش کورد لە کۆنگرەکانی لەندەنو پاریسو وانشتۆن ڕۆڵی باشی گێڕا، بەلأم دەرکەوت تەنها وەك داشی دامە لە بەرژەوەندی هاوپەیمانان بوو تا هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان یەك بخات، لەو هەموو کایە یاسیو گۆڕانانەدا کورد وەرەقەیەکی ئیمزا کراوی لەگەڵ هیچ لایەنێك مۆرنەکردووە تا نووسینەوەی دەستوور، لە دەستووریشدا ئەو مادانەی دیاری کرابوون بۆ کورد خرانە ژێر ئەو بڕە پارەیەی بەرپرسانی کورد لە بەغدا وەری دەگرن، بە مادەی (140)یشەوە، لەم ماوەیەدا سەرۆکی ئەمریکا بە ڕاشکاوانە باسی هاوکاری تورك دەکات بۆ لێدانی گەریلاکانی (pkk) بە بیانووی ئەوەی دژ بە بەرژەوەندی ئەمریکاو تورکیا عێراقن، بەلأم سەرکردەکانی ئەم هەرێمە بێدەنگی بەرامبەر بە وتەکانی ئەمریکیەکان هەڵدەبژێرن کە هێرش بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان تەنها لەبەر بەردەوامبوونی پاروی چەوری بەغدادو واشنتۆن بۆ خۆیان، ئەی ئەگەر بۆ خۆیان نیە (17٪) داهاتی هەموو عێراق دێتە هەرێمی کوردستان چی بەسەر دێ؟ نابێ لانی کەم سووتەمەنیو کارەباو پێداویستیە سەرەکیەکان دابین بکرێت؟ من خەڵکیو خۆشم دڵنیا دەکەمەوە تا کورسیو پاروی چەوری سەرکردەکان لە بەغدادو ئەمریکاوە بێت ژیانی خەڵك کولە مەرگیو بێ کارەباییو سوتەمەنی دەبێتو لە هەموو کارەساتەکانیش بێدەنگی بەشی ئەم هەرێمە دەبێت، سەرکردەکانی کورد دەیانتوانی باشتر سیاسەتو ستراتیژی کوردو ئەمریکا بخەنە بواری بەرژەوەندیو پەکەکەش لە هاوکێشەی تیرۆر بێننە دەر، بەلأم ئەوان

ئەوەیان ناوێ نەبادا دوا ڕۆژ پەکەکە مەترسی دەسەلأتو پارووەکانیان لێبسەنێت، سیاسەتی پەندە کوردیەکە جێبەجێ دەکەن کلاۆەکەی خۆیان (با) نەیبات هەقی سەرو کەللەی خەڵکی تریان چییە؟ ئەوە سیاسەتو بەرژەوەندی تایبەتی حیزبو سەرکردەکانی ئەم هەرێمەیە.

# ئازارەكانی خەڵك‌و خەمساردی حكومەت*

خوێنەری ئازیز حەز دەكەم سەرنجت نەچێتە سەر خاڵی خەیاڵی تەسك بۆ ئەوەی ئەم وتار نوسە بە مرۆڤێكی زۆر خود پەرست دابنێی‌و بڵێی ئەوەندە لەسەر شارەكەی خۆی دەكاتەوەو دڵسۆزیەتی، ئەدی شارەكانی تر هەر كوردستان نین بێبەش نەكراون لە گشت ئەو جوانیانەی كە دەبوو بكرانایە؟ بەڵێ هەموو شارو گوندەكان ماف خوراون بەلاّم ئەوەی كە ڕۆژانە چاوی نوسەری ئەم وتارە بەدیان دەكات‌و خوێنەری ئازیز دەبێ بمبوری بەلاّم كورد وتویەتی (مشتێ نمونەی خەرواریكە) سلێمانیش شارێكە وەك شارەكانی تر كە بێ بەش‌و بێ خزمەتە، لەوانەشە كەسانی بەرپرسیارو خواپێداو و سودمەند لە حكومەتی دوو حیزبی خاوەن سەدان بەرپرسی پاوانخواز لە گشت بوارەكانی ژیانی ئەم كۆمەڵگەیە بڵێن ئێوە لە گوێ ی گای خەوتوودا نوستوون نابینن ئەم وولاّتە چەند ئارام‌و پڕ لە كۆشك‌و ئازادیە؟ لەم مانگی ڕەمەزانەدا لە یەكێك لە كەناڵە لۆكاڵە حیزبیەكان بەرنامەیەكی جوان لە هەموو ئێوارەیەكدا سەردانی ماڵێكی هەژارو كەم دەرامەتیان

* {راستی - ژمارە (28) – یەك شەممە – 2008/10/28}

دەکرد کە خواردنو برێك پارەشیان پێشکەش دەکردن شێوازی بەرنامەکە لە گشت ڕوویەکەوە سەرکەوتوو باش بوو بەلاَم کەم کەس هەیە بە بینینی ئەو خێزانە کەم دەرامەتانە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بەدی نەکات کە ئەم ولاَتە چەندە نارێکی لە شێوازی دابەشکردنو زۆری لە بەرهەم هێناندا تێدایە تەنانەت خەڵك هەبوو دەیانگوت باشە سەردەمی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو عێراق هێندەی ئێستا بەروبوومو نەوتی نەدەفرۆشت بەلاَم خەڵك بەو ڕادەیەی ئێستا هەژار نەبوون هەرچەندە بەعس تەنها (5٪) لە وارداتی عێراقی دەبەخشیە خەڵکی بەلاَم ئێستا (17٪) هەر بۆ سێ شاری کوردستان دێتو چەكو فرۆکەو تەقەمەنیشی لێ ناکرِدرێت کەچی ژیانی خەڵك هەر نەهامەتی یە، دێمەوە سەر بابەتێکی گرنگی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك کە ڕێگاوبانو هاتووچۆیە ئەم شارە زۆر بێ بەختە ئەگەر مرۆڤێك گەشت بکاتو بۆ وولاَتو شارێکی تر پێش گەیشتن بەو شارە سەرنجی بە دیمەنی جوانو ئالَو والاَو پەیکەرو دیاردەی سەیر ڕادەکێشرێت بەلاَم سلێمانی کە لە ڕێگەی بازیانەوە ڕوو لە شار دەکەیت چاوەڕوانی گەیشتن بەو شارە تاسەو چاڵو چۆڵی ڕێگاو بانەکان سەردانەکەت بیر دەباتەوە، لەوەش سامناکتر کاتێ لە تاسلۆجە بەرەو شار دێیت بۆنێکی زۆر ناخۆش کە ئی پرۆژە پەلەوەریانەیە کە نزیك بە فرۆکەخانەی سلێمانی یە لە بەکرەجۆ، پێشوازی میوانانی شار هەروا دەبێت، ئەوانەی باسمان کرد چەند نمونەیەکی کەمن لە خراپەکاریو بێ خەمی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بەو بەرپرسیارێتی یەی کە لە سەرێتیو ئەنجامی نادات، باشە ئەگەر حکومەت ئەرکەکانی خۆی ڕانەپەڕێنێ داوای چی لە هاولاَتیان دەکات کە

گوێڕایەڵی یاسا بن؟ کام یاسا ئەو یاسایەی کە بەرپرسان دەتوانن بە یەك تەلەفۆن سنووری یاسا بشکێنن‌و خائین‌و جاش‌و ناپاك و فایلدار بکەنە شۆڕشگێڕو پیاوی حیزب‌و حکومەت، ئەو حکومەتەی کە لە هیچ بەرپرسێك نا پێچێتەوەو هەر ئەوان دەبنە خاوەنی کۆمپانیاکان‌و بەنزینخانەو بازاڕو کۆشکە مەزنەکانی شار لە کۆتایی وتارەکەمدا دێڕێ لە پەندە شیعری شاعیری گەورە پیرەمێرد دەکەمە دوا وتە کە فەرمویەتی:

*شارەکەمان مەشهورە بە شاری ڕەشەبـــــا.*

*دەست بە سەرتەوە نەگری کلاوەکەت ئەبا.*

تۆ بڵێی ئەمڕۆ کە کلاو کەمبۆتەوە، قژە سەری هەمووومان ئەڕوتێتەوە بە ڕەشەبای یاسای کوردایەتی دەسەڵاتدارو بەرپرسی ملیۆنێری کوردو سیاسی بێ ئاگای سەردەم.

# خەمە گەورەکان*

لەم ولاّتەدا لە گشت سەردەمو زەمانێکدا بە پێی برانەوەی بەشی ناخۆشی، کات بەڕێ دەکرێ زۆر جاریش قسەو پەندی باپیرانمان دێتەوە یاد کە تا پێی بچێ ناخۆشی باڵی ڕەشی بەسەر ڕۆحو دڵو گیانی گشت ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانەدا درێژ دەکاتو ولاّت دەکاتە تاریکستانو ڕووناکی تیا بەدی ناکرێت، لەبەرئەوەشە وتویانە (ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار)، لە ڕوانگەی ئەم پەندەوە دەکرێ وەك زەمەنێکی دیاری کراو کە گشت وەرزەکان لەخۆ دەگرێ، حساب بکەین، تا کات بڕوات زەمەن لەسەر ژیانی خەڵك گرانترو قورستر هەگبەی پڕ لە خەم دێنێ، دیارە ئەم ڕاڤەکردنە بۆ سات ناگەڕێتەوە ئەوەندەی بۆ ناعەقلاّنیەتی مرۆڤو نا بەرابەریی لە گشت یاساکاندا فەراهەم دەبێ، لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی (1991) چەند نمونەیەك لەو شانزە ساڵە بخەرە بەرچاوی خۆتو چەندەی لە سەر ڕاڤە دەکەی، بیکە دیارە پێش ڕاپەڕین ژیانی خەڵکی کوردستان لە ناخۆشیو ئازارو ئەشکەنجەی دەروونیدا بوەو پاشانیش هەر لە گرانیو شەڕی ناوخۆو ئینجا نا یەکسانیو نادادپەروەری لە ڕووی یاساو کۆمەلاّیەتیو ئابووری ...هتد.

---

* {هاولاّتی - ژمارە (342) – چوار شەممە – 2007/8/1}

كە ئەمەش پێچەوانەی ئەو خەون‌و بانگەشەیە بوو كە شۆڕشی كورد لە شاخ بە خەڵكی كوردستانی دەگەیاند، لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە كە یاسایەك نیە بۆ پاراستنی داهاتی خەڵك‌و بە هەدەرنەبردنی، یا هەرچی داهاتی كوردستانە خراوەتە مشتی چەند بەرپرسێكی حیزبەكان‌و ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان مامەڵەی پێدەكەن‌و كۆمپانیاو بەنزینخانەو بازاڕی گەورەو باڵەخانەی گەورەگەورەی بۆ خۆیان لێ دروست دەكەن‌و كەسیش ناتوانێ پێیان بڵێ (مِنءأینَ لكَ هڎا)، چونكە بە كاشی مەڕمەڕی گەورە وەلأمیان داوینەتەوەو نوسیویانە (هڎا من فچل ربی)، كە دڵنیام خوا نەیفەرمووە ئەو پارەو پول‌و سەروەت‌و سامانە بۆ خۆتان كە هی خەڵكە، لە سەدەی ڕابردوودا شاعری گەورەی كورد حاجی تۆفیق (پیرەمێرد) بەمجۆرە تەعبیر لەو كەس‌و دەسەلأتانە دەكات.

(دەستی دز بڕین، باو بوو تا دوێنێ، دەستی دز ئێستا، گورز ئەوەشێنێ) هەزار ڕەحمەت لە گۆڕت پیرەمێرد بە ڕاستی لە سایەی دەسەلأتی ناڕەواو نادادپەروەرانەدا دزە بەرپرسەكان گورزی گەورەی ((شەلم كوێرم هیچ نابوێرم)) دەوەشێنن‌و كەسیش بۆی نیە بڵێ وانیە، چونكە بەو یاسا حیزبیە كوێرانە دەتخەنە زیندانە تاریكەكانی عەقڵی تاریكیان‌و هەر خۆشیان دادی ناڕەوا دەپرسن‌و مرۆڤە ئازاو ئازادەكان دەكەنە دیل، لەبەرئەوە دەڵێم خەمە گەورەكان كۆتایی نایەن.

# حکومەتی بێ پلان*

ئەوەی ڕۆژانە لەم هەرێمەدا بەرگوێی هەر تاکێك دەکەوێت دوو بۆچوونی دژ بەیەكو جیاوازن، بۆچوونی یەکەم بۆچوونی دەسەڵاتو کەناڵی حیزبەکان بە تایبەت هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار کە داکۆکیکردنو بە باش لە قەڵەم دانی حکومەتەکەیانە بۆچوونی دووەم دژ بە کارو ناڕەواییەکانی حکومەتەکەیە، دەکرێ بڵێین دەنگی زۆربەی خەڵکی کوردستانە کە دەسەڵات بە دوژمنو ناحەز دەیانداتە قەڵەم هەر لە بیرو ئایدیایەك کە پێچەوانەی میلی کاتژمێری بەرژەوەندییان بێت.

پێ دەچێ هەندێ کەس کە بەرژەوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتەو تا سەر ئێسقان بەرگری لەو حکومەتە دەکەنو هەر خۆشیان بە چەپڵە دیکتاتۆرە بەرپرسەکانیان وا لێ کردووە دژ بە ڕەوتی بەرژەوەندی گشتیو نیشتمانو نەتەوە بن، ئەوەی لەم چەند دێڕەدا بە تۆی خوێنەری ئاشنا دەکەم هەردوو بۆچوونەکەیە، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە ناو پاسێکدا مقۆمقۆ دژ بەو دەسەلاتە گەندەڵە دروست بوو، چەپڵە لێدەرێك کە دیار بوو پیاوی حیزب بوو، بێ ئاگا لە خەمەکانی خەڵك خۆی تووڕە کردو ووتی ئێوە هەر

---

* { ڕزگاری – ژمارە (193) دوو شەممە 21ی نیسانی 2008}

بەعستان ئەویٚ عەیب ناکەن دژ بە حکومەتەکەی خۆمان وا قسە ئەکەن بیرتان چوو شەش خوێندکار لەبەردەم سجن گوللە باران کران، ئێوە ئەوەتان ئەویٚ؟ یەکێك لە نەفەرەکان بە تووڕەبوونێکی پڕ حەماسیەوە لێی هاتە جوابو وتی ماستاو چی بۆ تۆ عەیبە یەکێك لەو خوێندکارانە پورزای منە ئەگەر سەیری ژیانی کەسو کاری بکەی شەرمەزار ئەبی کەس ئاوڕی لیٚ نەداونەتەوە حسابیان بۆ نەکردونو کرێچین، کەسە چەپڵە لێدەرەکە ڕەنگی گۆڕاو قسەی پیٚ نەکراو بە پەلە لە پاسەکە دابەزی، نەفەرەکانی تریش دەست خۆشیان لەو کەسە کردو وتیان دەست خۆش ئەمانە کاسە لێسن، لەمرۆ بەدواوە زۆر شت بەدی دەکرێت، حکومەتێك کە حەڤدە ساڵ تەمەنی بیٚ/ جگە لە گیرفان پڕ کردنی کەسە نزیکەکانی خۆیانو بە فیڕۆدانی سامانی نەتەوەییو تاپۆکردنی ولاٚتێك لە سەر خۆیانو بیٚ نرخکردنی مافی تاكو بەهەدەربردنی جوانیەکانی سروشتو داگیرکردنی زەوی کشتوکاڵیو پاوانگەکان لە دەرەوەو ناوشارو دروستکردنی کۆشك بۆ گەشتو سەیرانو ڕابواردنی خۆیان، جگە لە پاوانخوازی لە گشت بوارەکانی بازرگانیو وەبەرهێنانو هەناردەی بەروبوم، هەر لە کۆمپانیاکانو بەنزینحانەکانو سۆپەرمارکێتو بینا گەورەکانی ولاٚت کە جگە لە خۆیان کەس مافی بەسەریانەوە نیە، ڕۆژانە خەڵك دەپرسیٚ بەنزینی بازرگانی لە زۆربەی بەنزینخانەکانی خۆیان بە نرخی گران هەیە کە هیچ خەوشی نیە بەلاٚم بەنزینخانەکانی حکومی تەنها تێکەڵەیەکە لە نەوتو بەنزین کە بۆتە مایەی خراپ بوونی ئۆتۆمبێلی زۆربەی خەڵك ئەوەش خۆی لە خۆی دا ئەوە ئەسەلمێنیٚ کە بەنزینە باشەکە ئەبەن بۆ خۆیانو بە گران بە خەڵکی

ئەفرۆشنەوە، دەکرێ بپرسین کارەبای هەموو کوردستان پارەی چەند لەو بینا چەند نهۆمییانەی تێ دەچێ کە لە شوێنە گرنگەکانی شار بەری ئاسمانیان گرتووە، بەلاّم کارەبا لای ئەوان نەبۆتە کێشە چونکە ئەوان خۆیان هەیانەو خەڵك کەیفی خۆیەتی، دەکرێ بڵێین ئەم حکومەتە تەنها بۆ کۆمەڵێ کەسی دەسەلاّتدارەو هیچی تر لە ئەزموونی دنیادا شتێکی وا دووبارە نەبۆتەوە کە بەو جۆرە بێ کەڵكو بێ پلانو نا دادوەر بێ، ئەگەر سەرکردەی حیزبەکان گوێ بیستی ئەم قسەیەم بن قژ بە سەریانەوە نامێنێ هێندە تووڕە دە بن پێم ئەڵێن ئێمە بە خەڵك دەڵێین وەرن لە ئێمەوە فێری ئەزموونی دیموکراسییو مەدەنیو دادوەری ببن کەچی ئەم نوسەرە قەڵەم کولو زبرە بێ نرخە وامان پێ دەڵێت، تەنانەت خەڵکی کوردستان لە ناڕێکیو نا دادپەروەری دەسەلاّتی حیزبەکان دەست بۆ ئاسمان بەرز دەکەنەوەو لە یەزدان دەپاڕێنەوە بومەلەرزەبێو کۆشکەکانیان بڕوخێنێو دەسەلاّتەکەیان پەرتەوازەو نابوتو بێ نرخو ڕسوا بکات.

# گۆڕانکاری پەروەردە بنچینەی گۆڕانی کۆمەڵگایە*

گۆڕانکاری لە هەر کۆمەڵگایەکدا پێویستی بە بەرنامەو پلانی داڕێژراوی زانستی هاوچەرخ هەیە، دیارە ئەو بەرنامەو پلانەش هەروا بە سانایی ناگاتە ئاکام، هەموو گەلانی جیهان کە بە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا تێپەڕبوون، لەناو ناخی ئەو قۆناغە گۆڕانیان کردووەتە مەبەست جا گۆڕان چەند جۆرێکی هەیە لە بوارەکانی (ئابووریو کۆمەلأیەتیو پەروەردەییو زانستیو سەربازی ....هتد) دەگرێتەوە، دەکرێت گۆڕانی پەروەردەیی بکرێتە بنچینە بۆ گشت گۆڕانەکانی دیکەی ناو کۆمەڵ بەوەی هەر لە پەروەردەوە خێزان دەتوانێت سوود لەو گۆڕانە وەربگرێت بە پەروەردەیەکی دروست، چونکە بەشێوازی دروستو لەسەرخۆ بینای نەوەکانی دواتر بەرەو ئاقاری زانستی دەبات بە گۆڕانی زەمەنو کات.

**پەروەردە پێش ڕاپەڕین:**

نامەوێت لەسەر پەروەردەکردنو فێرکردنی پێش ڕاپەڕین زۆر بدوێم، بەلأم نادروستیو بیری شۆڤێنیو خوێنو شەڕو زۆر لایەنی خراپی دیکە بە

* {ڕۆژنامە - ژمارە (40) – 2007/8/17}

پێی بەرنامە ڕێژی بەعس کاری لەسەر دەکرا، نەوەکان بە پەروەردەیەکی نا عەقلانەی نەخشە بۆ کێشراو ئاڕاستە دەکران کە ئامانجی داگیرکەرانەو داخوازانەی نەتەوەی سەردەست تێیدا بە ڕوونی دەردەکەوت، بە نموونە: لە کوردستاندا بە کوردی پرۆگرام دەخوێنرا، بەلاّم چ پرۆگرامێك؟ باسی عەرەبو بایەخی نەتەوەکەیانو شارەزاکردنی فێرخوازان لە سەر مێژووی خۆیانو بە پاڵەوان ناساندنی داگیرکەرانو زۆردارانو نوسینەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بە دڵی خۆیانو بە کەم دانانو بێ نرخی مێژووی نەتەوەو ولاّتانی دیکە.

**پەروەردە لە دوای ڕاپەرین:**

راستە راپەرین بە وەرچەرخان هەژمار دەکرێت لە گشت شوێنو سەردەمێك هەر نا سیستەمی دەسەلاّت گەر شێوازەکەشی نەگۆڕا کەسو لایەنەکان بە فۆڕم دەگۆڕێن.

لە راپەرینەکەی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا راستە ڕژێمی بەعس وەدەرنراو لە جێی حوکمو دەسەلاّتی بەعس بەرەی کوردستانیو ئینجا حکومەتو پەرلەمان هاتنە مەیدان، لە زۆر بواردا هەنگاوی خراپ نراو جێگەی ئومێد نەبوون، بەلاّم لەم بابەتەدا تەنها لایەنە خراپەکانی بواری پەروەردە باس دەکەم.

1. رۆیشتن لەسەر هەمان پرۆگرامی خوێندنی پێشووی ڕژێم.

2. نادروستیو باش بەکارنەهێنانی راپەرین لە بواری پەروەردەدا، واتە بارگاویکردنی پەروەردە بە سیاسەتی حیزبەکان، بە واتە بردنی ململانێی

ئایدۆلۆژیا بۆ بواری پەروەردەو فێرکردن کە کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی کۆمەڵگا دەبێت لە دوا ڕۆژدا.

3. ناونانی قوتابخانەو خوێندنگاکان بە شێوازێکی نادروستیو نا پەروەردەیی کە لام گرنگەو نرخو بەها بۆ شەهیدان دابنرێتو ڕۆڵیان کەم نەگیرێت، بەڵام باش نیە ناوی قوتابخانەو خوێندنگا بەناوی کەسەکان بکرێت بە تایبەت لەم وڵاتە کە ململانێو قبوڵنەکردنی یەکتر تاسەر ئێسقان ڕۆچووە، با بەهۆی بیری شێواوی تەواوی گەورەکان بچووکەکانیش نەسوتێن.

4. دەستوەردانی حیزبەکان لە کاروباری پەروەردەو دانانی بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاران لەسەر لیستی حزب، واتە بایەخنەدان بە کەسانی دڵسۆزو کارامەو شارەزای بواری پەروەردە.

5. دانانی لەمپەر لە بەردەم بواری پەروەردە بۆ پەروەردەیەکی مەدەنیو مۆدێرن بە دانانی ڕێکخراوی حزبیو ناسەربەخۆ بۆ توێژەکانی مامۆستایانو خوێندکارانو قوتابیان.

6. گرنگینەدان بە ئازادی تاكو هەنگاونەنان بۆ کرانەوەو را دەربڕینو هەستکردن بە لێپرسراوییەتیو دڵسۆزی.

7. ڕێکنەکەوتن لەسەر یەکخستنی پرۆگرامی خوێندنو گۆڕانو جیاوازی لە هەریەك لە شارەکانی کوردستاندا.

8. دانانی بەرپرسانی بواری پەروەردە بە شێوازی تایبەتو لیست.

9. کەم بایەخ دانان بۆ مامۆستایانو کەمی مووچەکەیان تا هەمیشە بە دڵی ئەوان بن بەکاریان دەهێنن لە ڕێکخراوە ناپیشەییەکانی مامۆستایاندا.

10. دەکرێت پێچەوانەی کۆی خاڵەکان بکرێنە ستراکتوری گۆڕان لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، کە هەنگاوە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگاو کرانەوەو شادبوون بە مەدەنییەتو سەرفرازی تاكو کۆمەڵ.

# گەرمەو گوڕی كۆچی لاوانو بێ خەمی دەسەڵات*

نەك بە بیری من بگرە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەمەنی لاوێتی باپیرانیشمان ئەم ولاَتە هەروەك ئێستا پڕ لە كێشەو نایەكسانی باڵی ڕەشی بە سەرا كێشاوەو ژیان تیایدا دۆزەخێكی بێ بڕانەوەو بێ كۆتاییەنەوە نەوە دوای نەوە پێی شاد دەبنو تەمەنیان بەو نائارامیو دەردەسەریە كۆتایی دێت ئەمەشە وای كردووە پەندی بۆ دروست بكەنو ئێمەش لە زمانی ئەوانەوە واقعە كەی پێ پێناسە دەكەینو دەڵێین پێشینان وتویانە (ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار) تەنها ئەم وتەیە گەر بە ڕاستی لێی بكۆڵرێتەوە زۆر قسەو باس هەڵدەگرێ دەتوانم بڵێم لە شێوازە زۆر سادەییەكەی دا وا دەر دەكەوێ ساڵ بە ساڵ ژیان پڕ دەبێ لە مەینەتیو كارەسات بە پێی زەمەنو ڕووداوەكانیش بارەكە هەر بەرەو قورسی دەچێت من وەك لاوێك ئەوەندەی بیرم بێت خۆشیو ئاسودەیی لەم ولاَتەدا نەبووە لە سەردەمی بەعسدا كەس خاوەنی هیچ نەبوو تەنانەت زمانی قسەكردنیش ئەم واقعەی ئەمڕۆش هەموو دەیبینین چۆنە یان بڵێین لە دوای ڕاپەرینەوە گرانیو خۆ كوژیو نارێكی ژیانو بێ ماف بوونەتە دیاردەو ڕۆژانە یەخەمان دەگرن لە پاش

* {روانین - ژمارە (3) – تەمووزی 2006}

ڕووخانی ڕژێمی بەعسیش خەڵك لە دڵی خۆیاندا وایان دادەنا کە بەئۆقرەیی شاد ببن بەڵام بارودۆخەکە خراپتر بوو نائارامیو بێ هیوایی زیاتر جێی خەونە بەدی نەهاتووەکانی گرتەوەو گرانیو قاتوقڕیو کوشتنو هەژاری جارێکی تر بوونەوە بە هاودەمو هاوڕێی هەمیشەیی خەڵکی داماوی ئەم وڵاتە هێمنی شاعری مەزن گەلەکەمان ڕاستی وتووە ﴿شینم گەلێ گێڕا خۆشیم کەم دیوە شادی دەڵێن هەیە بەڵام نەمدیوە﴾، ئەم دێڕە شعرەی هێمن سەلمێنەری گشت قسەکانمانە کەس شادیو ئارامیو خۆشی نەبینیوەو ئەمانە تەنها وشە گەلێکن ڕۆژانە ئەوترێنەوە هەستیان پێ ناکەین لە دوای ڕاپەڕین سەرکردەکان بە خەڵك دەڵێن جارێ پەلەمەکەن ژیان خۆش دەکەین ووڵات دەکەین بە بەهەشت تاکەی پەلە نەکەین وا شانزە ساڵە زەمەن بە قسەی نا ڕاستی ئەوان لێ کەوتۆتەوە کۆچی لاوانە بۆ هەندەران من لۆمەی هیچ گەنجێك ناکەم کە وڵات بە جێ دێڵێو دەست خۆشیشیان لێ دەکەم وە دەڵێم بڕۆن وڵاتی نائارامیو نایەکسانیو بێ ماف بەجێ بهێڵن، ئەوەی جێگەی سەرنجو ورد بوونەوەیە بۆچوونی دەسەلاتە بۆ سەر لاوان بەقسە هیچیان نەهێشتۆتەوە بەڵام بە کردار هیچ نەکراوە، بۆ منالەکانی خۆیان ژیان گشت دەرگاکانی لەسەر پشتە بە دەرگای چوونە هاندەرانیش تەنانەت بۆیان نیە لە باخچەو شوێنە گشتیەکانیش لەگەڵ خۆشەویستەکانیان بدوێن پۆلیسەکانیان چاوە تیژەکانیان تێ دەبڕنو دەریان دەکەن.

یان لەم وڵاتەی پڕیەتی لە نەوتو سوتەمەنی خەڵك دەبێ ژیانی لێ هەراسان بێتو ئەوانە بە دیار بەنزینخانەکانەوە ڕۆژ بکاتەوە منیش دەنگم

دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو کەسانەی دەڵێن ئەمە وڵاتی قەزاو قەدەرە بۆ ئەوەی تووشی ئەو قەزاو قەدەرە نەبی پێویستە لێی ڕابکاتو هەڵ بێ بۆ شوێنێکی تر، مەسەلەیەکی تر کە زۆر گرنگە هاتنی عەرەبە بۆ ئەم وڵاتە بۆ مانەوەی کورسیەکانی خۆیان لە بەغداو تا پێیان نەڵێن کورد بە تەمای جیاوازی کردنە ڕێگەیان بە هەزاران عەرەب داوە بێنە شارەکانی کوردستان ئەمەش خەڵکی زیاتر تووشی مەینەتی کردووە هەر لە خراپ بوونی بواری کۆمەلأیەتیو گرانی کرێی خانوو هەموو شتەکانی تر ئەمەیە خەمساردیو بێ ئاگایی دەسەلأتی کورد لە بەرامبەر گەلێکی چەپڵە لێدەر بۆیان من گەیشتوومەتە ئەو بڕوایە کە هەرگیز ئەم وڵاتە خۆشی نابینێ بۆیە هەقە خەڵك بە چاوی دوور تەماشای وڵات بکاتو لە ناچاریو خەم خواردنی خۆی ماڵئاوایی لە گشت شتێ بکات وە بۆ بەرپرسانی جێ بێڵین.

# خوێندنەوەیەك بۆ بەردەوامی ئەقڵی داگیرکاری عەرەبی*

گەلی کورد بە درێژایی تێپەڕبوونی زەمەنی مێژوو بێبەشو دابڕاو بووەو لە ویستو ئاواتو خواستەکانی خۆی، ئەو دابڕانەش بەدەرنەبووە لە تواناو کەمتەرخەمی ئەم گەلە، ئەویش بەهۆی ئەوەی هەمیشە لە تەنگژەیەکدا ژیانی بەسەر بردووە نەیتوانیەوە کە بازنەی تێکۆشانو بەرنگاری دژ بەرەوتی سڕینەوەی مێژوو کەلتورەکەی لەو کاتەدا کە دەسەڵاتی داگیرکاری بەهێزی فشارو بەرنگاری بۆ سەر خودی ویستەکانی خۆی دانابێت، دوو سەنگەری دژ بەیەك لە بەرامبەر یەکدا دێنە ئاراوە، لەمیانەی ئەم بۆچوونەماندا دەردەکەوێت هەمیشە دەسەڵاتی داگیرکاری بە درێژایی مێژوو گەلی کوردی بە مەترسی ڕووخانی دیواری دەسەڵاتی خۆی داناوە، دەتوانین ئەم پێوانەیە بۆ مێژوویەکی بەرفراوان کە لە ساڵی (1514ز) شەڕی نێوان سەفەویو عوسمانی واتە شەڕی چاڵدێرانو دابەشکردنی کوردستان بەسەر هێزە هەرێمایەتیەکاندا ڕەوتی خۆی وەرگرتووە، بەلاَم بەپێی پیلانو نەخشەی داگیرکاری دەوڵەتو هێزە سەردەستەکانی کوردستان شێوازەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە هەر

---

* {بەرگری - ژمارە (95) – شوباتی 2006}

پارچەیەکی داتاشراوی کوردستان کەلتوری داگیرکاری خۆی سەپاندووە بە بەرنامەو پیلان کەلتوری ڕەسەنی کوردیان شێواندووەو پەکخستووە، ئەوەبوو لە ساڵی (637ز) سوپای داگیرکەری عەرەبی ئیسلامی پەلاماری کوردستانی داو بە قەولی خۆیان (فتوحاتو غەزاوات)ەکانیان فراوان کرد وەك دەیان هەنگیان لە کلۆرەداردا دۆزیبێتەوە، کوردستانیان خەڵتانی خوێن کرد بە شمشێری تیژی پیلاناویان.

دەکرێ ئەم لەناوبردنو داگیرکردنە هەڵبسەنگێنینو ماوەکەی دیاری بکەین بەوەی هەتا ئەم ساتەی ئەم وتارەی تێدا نوسراوە غەزوی ئەقڵی عەرەبی بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی سەپاندووەو بۆتە ئەو گورگەی لە پێستی مەڕدا خۆی حەشارداوەو لە کاتی پێویستدا خۆی دەمەزەرد دەکاتەوەو دەمی تیژی بە خوێنی ڕۆڵەکانی کورد سوور دەکات، هەر ئەم بیرە چەپەڵە عەرەبیە شۆڤێنیەیە لەناو کوردا ماوەتەوەو دیاردەکانی بەدی دەکرێت لە سەپاندنی بیری تاكو قبوڵ نەکردنی بەرامبەرو بیری چەوتی باوکسالاری کە بە کۆیلەکردنی ئافرەتانی لێ کەوتۆتەوەو بەرنەدانی کورسی دەسەلآتو باوەڕنەبوون بە هیچ بیروڕایەکی ترو بە کافرکردنی گشت بۆچوونێك جگە لەوانەی خزمەت بە عەرەبو زمانەکەیانو ئاینەکەیان دەکەن بە بیانووی ئەوەی پێغەمبەر (محمد) عەرەبەو قورئان عەرەبیەو ئیسلامیش لە خاكو نیشتمانی عەرەبدا یەزدان ناردویەتی بۆ مرۆڤایەتی، بە پێی خوێندنەوەی ئەم ڕەهەندو چەمکە جیاوازانە بێت هیچ کەس بۆی نیە لە پەیامی ئەقڵی عەرەبی لابدات، چونکە لادان لێی کافربوونو حەلآڵ بوونی خوێنیەتی بە درێژایی مێژوو نەتەوەکانی ڕۆژهەلآت بونە قوربانی

ئەم پەیامەو پوازی ناڕەوایان لە داری بیری نەتەوەکانی تر دروست کردووەو داری بیرو هەستی نەتەوەییان پێ شەق کردووەو لەم لاڕێگەیەشەوە نەتەوەکانی تر کراونەتە خزمەتکاری نەتەوەی سەر دەستی عەرەبی خاوەن پەیامبەرو زمانەکەشیان بۆتە زمانی ویناى یەزدانی کە خوا گشت کەسی پێ ئاگادار کردۆتەوە، دەکرێ ئەم پوازانەی باسمان کردن‌و بونە درز پیدەری داری کوردەواری باسیان لێوە بکرێ کە نوێنەرەکانی ئەقڵی عەرەبین لە ناو کوردستاندا کە هەموو شتێ بە کوفرو خراپەکاری دەدەنە قەڵەم‌و لایان وایە دەستکاری ئیشی خوا کراوە بەوەی نەتەوەی عەرەب دەبێ بە برا گەورە بزانین پێچەوانەی ئەمە کارێکی زۆر ڕاستە کە دەکرێ خەڵکی بیروڕای ئاینی تر هەبێ، ئەمانە لە دەرگاکانی زۆر باسن‌و لام وایە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ ئەگەر بە پێی پیودانگی سەردەمی زانستی پێشکەوتوو ئاکامەکانی دیموکراسی‌و خەونی ئازادی بیروڕادەربڕین‌و قبوڵکردنی ئەقڵی بێ کەڵکی عەرەبیە لە سەدەی بیست‌و یەکدا کەهەڵگری دەیان شەپۆلی فکری‌و نوێ بوونەوەو تێکشکاندنی دیوارەکانی وەهمی وا بەستەبوون‌و زۆردارییەو بە دیهێنانی ئامانجی گەورەی سەردەمی نوێی شەڕی دژە تیرۆرو هەرەس هێنانی سەرچاوەی سەردەستەو یاخی بەعسیزمی عەرەبیەو دەرکەوتنی چەندین کایەی سیاسی لە عێراقدا، دەکرێ لەم هەموو ئاڵوگۆڕو خوێندنەوە جیاوازانە دەسەڵاتی کوردی چاوبگێڕێ بە داواو ویستی نەتەوەییداو خەمی نەوەی نوێ فەرامۆش نەکرێ‌و چاکسازی هەنگاوی یەکەم بێت تا ئامانجی گەورە بەدی بێت‌و لەم خەباتە سەختەی گەلدا دەسەلات تەنها نەبێت‌و گەل بە سەرچاوەی هێزو پشتیوانی خۆی بزانێت،

دیارە ئەم کارە بە حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دێتە دی، چونکە میللەت تەماشای هەنگاوەکانی دەکاتو ڕابردوو ئێستای دەکاتە ئایندەیەکی باش گەر کار بکرێ لەسەر بنەمای کارو خزمەت لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی دا نەك دەستگرتن بەسەر سەروەتو سامانی میللەتو پاوان کردنی کورسی دەسەلاْتو دیاری کردنی کار بۆ خەلْك کە ئەمە کارێکی دژ بە شارستانیو مۆدێرنەیە لەمیانەی بیری پاداشتو دۆزینەوەی جێگا بۆ خەلْکانی سەر بە لایەنەکانو وەلانانی خەلْکانی ئەکادیمیو پسپۆڕو شارەزا لە بوارە سیاسیو کۆمەلاْیەتیو ئیداریەکاندا، وەك لەمەوبەر لە هەردوو حکومەتی هرەێمو ئەزمونی پانزە سالەی دەسەلاْتی کوردیدا بەدی کراون کە بارگاوی بوون بووە بە ئەقلی عەرەبی، لێرەوە دەکرێ لەو ڕابردووە نا عەدالەتو پڕ لە شەڕو شۆڕو قبولْ نەکردنی ئەوی تر دانانی کەسانی نەشیاو بۆ شوێنی گرنگو بە بایەخو لە دەستدانی فرسەتو هەلی گەورەو پشت کردنە جەماوەر زیاتر ڕۆلەکانی گەل سارد دەکاتەوەو بێ هیوایی بالْ دەکێشێ بەسەر کۆمەلْدا ئینجا بەرنامەی چاکسازی دەبێتە وێردی سەر زمانی خەلْكو کەسیش گوێ بیستی نابێو خۆزگەکان بەدی نایەت، کۆتایی وتارەکەم بە پەندێکی پیرەمێردی نەمر دەهێنم کە دەلێ:

***خۆزگە دەستورێك ئەخرایـــــــــە ناو***

***پیاو بۆ ئیش ئەبوو نەوەك ئیش بۆ پیاو***

## لاوان هەوێنی گۆڕانو بەدیٰ هێنانی ئازادی، بەڵام!؟*

کەس نیە نکۆڵی لە بوونی هێزی پڕ لە ڕەنجی لاوان بکاتو بەسەرچاوەی گشت گۆرانەکانی بوارە جیاجیاکانی نەداتە قەڵەم، بە تایبەت لاوانی کوردستان کە لە ئازارو ئەشکەنجەو ناخۆشیدا بەشی شێریان بەر کەوتووە، دیارە ئەم مەینەتیانەش کە بەسەریاندا هاتووە لەبەر بوونی هەڵوێستی دژ بە رەوتی بیری داگیرکەران بووەو لە پێناوی خۆشکردنی زەمینەی گەیشتن بە سەرفرازیو مانەوەی نەتەوەو قبولٚ نەکردنی بیری چەوسێنەران زۆریان لیٚ بۆتە قوربانی ئەو ئامانجە گەورانەی کۆمەلأنی خەڵك، دەکریٚ ئەو کەسەی کە ڕەنج دەکێشیٚ، کورد وتەنی بە گەنج شاد بێت، بەلأم لاوان لە هەموو کێبەرکیٚو ئازارو شەونخونیو گرتنی سەنگەری شۆرش گێری پاشان گەیشتن بە مەنزڵی ئازادی، کامەیە ئەو گەنجەی پێی شادبوون؟ دەکریٚ قۆناغەکانی سەردەمو زەمەنەکان پۆلێن بکەین لەگەڵ ئاستی پاداشت کردنی لاواندا سەرەتا لە زەمەنی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس دا لاوان ژیانیان پڕ بووە لە ئازارو خەمو ترسان، تەنانەت بە خواستی خۆیان نەیان توانیەوە لە ماڵەوە لەگەڵ دایكو باوكو خوشكو براکانیدا ڕازەکانی دڵی خۆیان

---

* ر{ڕەنێو - ژمارە (2) مایسی 2006}

دەربڕن کە بچووکترین مافی سادەی تاکەکەسە، ئەوان تووشی ئازارو ئەشکەنجەدان دەبوون چ جای بەژداربووایە لە خەباتی پڕ لە خەمی گەلەکەی بە نهێنی یان بچوایەتە ڕیزی خەبات گێرانی ئاشکراو پێشمەرگایەتی تاکە پاداشتیش کە دەیان درایە، شەهیدبوونو ماڵ ئاوای کردن بوو لە ژیان، ئەمانە چەند نمونەیەکی بچوکن لە ئازارەکانی لاوان لەسەردەمی بەعسی ڕووخاوی عەرەبی، خوێنو خەباتو فرمێسکی لاوان بووە هەوێنی ڕاپەڕین گەل هەناسەیەکی قوڵی ئۆخەی هەڵکێشا، بەلاَم مەینەتیەکانی لاوان هەر کۆتاییان نەهات، ئەوەبوو شەڕی ماڵ وێران کەری ناوخۆ بۆ ئەو کوانووەی گیانی هەزارانی تری پێ سووتا لە سایەی دەسەلاَتی کوردیدا لە پاش شەڕی ناوخۆش لە ململانێی حیزبەکاندا زۆر کەسی مشەخۆر هاتنو قەسرو سامانیان پێکەوە نا، لاوانیش بە تاسەی خەمی شەڕی خۆکوژی دەیان نالاَند، چەند ساڵێکیش بەم شێوازە بەڕێکراو ئینجا ڕووخانی بەعسو هاتنی مارێنزی ئەمریکی تروسکەیەکی تری لە دڵی لاواندا دروست کرد، بەڵکو گۆڕان دروست بێت.

بەلاَم بێ ئومێدی زیاتر باڵی کێشا بەسەر دۆخەکەدا تا گەیشتە خۆپیشاندانو مان گرتن تەنانەت دەنگ نەدانی لاوان دژ بە دەسەلاَت وەستان بە زەقی بەدی دەکرا بۆ ئەم جارەی هەڵبژاردنی (2005/12/15) دەسەلاَتی کوردی لە هەردوو هەرێمەکەدا هانایان بۆ لاوان بردەوە داوایان لێ کردن کە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچنو تەنانەت چارەنووسی گەلەکەمانیان پێ دەبەستەوە، من هیچ قسەیەکم لەسەر هەڵبژاردنەکان نییەو بە کارێکی باشی دادەنێم کە لاوان دژی نەوەستن لێرەدا تەنها

مەبەستی من لاوانو ڕۆڵو کاریگەریانە لەسەر گشت ڕووداوەکان جا تویژێك ئەم هەموو ئەركو قورسایی و بەرپرسیارێتیە بخرێتە ئەستۆ دەکرێت فەرامۆش بکرێت ئایا لە پەرلەمانی هەڵبژێردراوی حیزبەکاندا چەند لاوی چالاكو بە توانا نوێنەرو ویستو داوای لاوانن؟ ئایا تاکەی ڕێکخراوەکانی لاوانو گەنجان دەبنە پاشکۆی حیزبەکانو بەربەستەکانی دروستبوونی کۆمەڵی مەدەنی کەی لا دەبرێن؟ بۆیە هەقە لاوان زۆر بە هۆشیاری لەگەڵ کۆڕانکاریەکانو ڕەوتی ڕووداوەکاندا هەڵوێستو قسەی هەبێتو نەبنە سۆفیو موریدو دەروێش بۆ هیچ لایەك بەڵکو پێویستە ببنە لایەنی فشار تا گۆران لە شارستانیو داهێناندا کاتی ئەوە هاتووە لاوان بگەن بە ڕەنجی شانو بیری ماندویان، هەقە حکومەتی یەکگرتووی کوردستانیش چاوێك بە مێژووی پڕ لە ماندوبوونی لاواندا بگێڕێتەوە قەرەبوویان بکاتەوە بە دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوونو گۆران لە رەوتی پەروەردەو فێرکردنو بوارەکانی تری ژیاندا تا لە ئاییندەدا لاوان ڕۆڵیان لە بیناکردنی کۆمەڵگادا کەم نەبینرێ، چونکە کەم بەدی کردنی تواناو وزەی لاوان بەدوا کەوتنی کۆمەڵگاو درەنگ گەیشتنە بە مەنزڵی شادمانیو مەدەنیەتو سەرفرازی.

# چ ناوێك بۆ سلێمانی باشە؟؟؟*

له مێژووی مرۆڤایەتی دا هەر شارەو یان وڵاتەی بە دیاردە سەیرو تایبەتیەکانی خۆیان دەناسرێنەوە، کە دەڵێن (یۆنان) بە فەلسەفەیان میسر بە هەرەمەکان، ئەمریکا بە کۆشكو تەلاری بەرزو جوان، چین بە شورا گەورەکەیو بابل بە باخچە هەلۆاسراوەکانو زۆر شوێنو وڵاتی تر...

له وڵاتی خۆشماندا هەولێر بە شاری قەلاو منارەو هۆلاکۆ بەزێن، دهۆکیش بە جوانیو قەشەنگیەکەی، شاری کەرکوکیش بە شاری گڕوکڵپەو باباگوڕگوڕ، هەرچەندە سیاسیەکان خەریك بوون پێناسەی جیاجیایان بۆ دادەنا، بەڵام لەم شانزە ساڵەدا دەرکەوت، هەر قسەیە، بێکەسی مەزنیش دەڵێ "قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە" دێینەوە سەر شاری سلێمانی ئەم شارەش بە ناو و تایبەتمەندی خۆی ناوزەد دەکرا، لە سەدەی ڕابردوودا کە خەباتو دژایەتی کردنی داگیرکەران ببوە هێماو سمبول لەو کاتانەدا شاعیرێکی ئەم شارە کە (کامەران موکری) بوو پڕ بە باڵای خۆی ناوی نا شاری (هەڵمەتو قوربانی)، ئەم ناسنامەیە هاتو لەگەڵ زەمەندا سەلماندی کە راپەرینو شۆڕشو قوربانی دەبێ لەم شارەوە سەر هەڵبدات، نمونە زۆرە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسی عەرەبیدا ئەم شارە چ قوربانیو بەرەنگاریەکی پێشکەش

* { ڕاستی – ژمارە (27) – شەممە 2007/9/15}

بە مێژووی پڕ شکۆ کرد، تا راپەرینەکەش لە شارە گەورەکانی کوردستاندا سەرقافڵەی کاروانی ڕزگاری هەر ئەم شارە بوو، هەرچەند من هەموو شارەکانی کوردستان بە شارو جێ نزرگەی خۆم دەزانمو دەبینم، پاش ڕاپەرینیش ئەم شارە لە زۆر بواردا بەشی شێری بردووەو خزمەتی گەورەی بەم هەرێمە کردووە، بەڵام دەکرێ بپرسین لەو لایەنو دەسەڵاتەی کە سلێمانی بەڕێوە بردووە لە چاو ئەو هەموو خزمەتو خەباتی سلێمانی چی بۆ ئەم شارە کردووە؟ یان بۆ مل ملانێی حیزبایەتی نەبێ کامەیە شاری مەلیك محمودو شەهید ئارامو گشت سیاسیەکانی تر؟

من لە منالێمەوە کۆلانە باریکە تەسکەکانی کانێسکانو چوارباخو سابونکەران هەر وەك جارانی خۆی دەبینم، جار جارەش بینایەکی بەرپرسان وەك دومەڵێکی پڕ لە کێم بەرچاوی ماڵە هەژارەکانی گرتووە، جگە لەوەش هەمووومان جادەو ڕێگاوبانەکانو خزمەت گوزاریەکانی ئەم شارە لەبەر چاومانە لە چاو شارەکانی تر پشت گوێ خراوە...

لەوانەش سەیرترو ناخۆش تر وا چەند ساڵێکە حەز ناکەین گەرمای هاوین بێت، چونکە نەهامەتیو نەخۆشیو مەرگ بۆ ئەم شارە دێنێ، کە ئەویش پەتاو دەردی (کۆلێرا)یە، سەرەڕای ئەوەی ئاواتی خەڵکی کوردستان بوو کە حکومەتو ئیدارەکان یەکبگرنەوە لەو ئاواتە گەورەیەشدا سلێمانی گەورەترین زەرەری کردو بووە قوربانی کێبڕکێی هەردوو حیزبەکە بەوەی دامو دەزگا حکومیەکان پێچرانەوە بۆ هەولێری پایتەختو سلێمانیش بووە قەزایەکی بچوك، ئەم شارە بێ بەش کرا لەو پرۆسە گەورەیی خزمەتگوزاری، وا دیارە ئەوەش سەلمێنرا کە دەیانگوت سلێمانی پایتەختە،

پێچەوانە کراوەیەو ناوەکەی لابرا بە کردەوە، بەلاّم بۆ ئەوەی هەردوو حیزب ناوێکی تری بۆ دابنێن بە تایبەت وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ناونا (پایتەختی ڕووناکبیری) بە ڕاستی سەیرە پایتەختی ڕۆشنبیریو هونەرو ئەدەب هۆڵێکی نمایشو ستۆدیۆیەکی باشی دەنگی تیا نەبێو هۆڵێکی نمایشی شانۆو ئاهەنگی تیا نەبێ!!!

هەر ویستیان بیسەلمێنن سلێمانی نابێ هیچ بێو بڕیاری ناڕەوای سیاسیەکانی ئەم هەرێمەیە، ماوەتەوە بڵێین مامۆستای شاعیری شۆڕشگێڕ (کامەران موکری) لە ئێستادا (سلێمانی لە شاری هەڵمەتو قوربانی) بۆتە (شاری کولێراو گرانی)، با بچینە خزمەت شاعیری گەورە (بێکەس)ی مەزنیش پێی بڵێین تۆ بە (ئەدمۆنز)ت ئەوت (بیستو حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم) ئێستا ئێمەی خەڵکی شار بە دەسەلاّتی نایەکسانیو نا دادپەروەری عەقڵی شاخو گیرفان پڕ لە دۆلارەکانی ئەمڕۆی سیاسەتو کوڕانی شۆڕشگێڕو سەر پڕ لە ئەسپێو گیرفان بەتاڵەکانی دوێنێ چێ بڵێین؟

ئەکرێ تاکەی لە مل ملانێی پڕ کردنی گیرفانی ئەوانو ڕازاندنەوەی کۆشکە چەند نهۆمیەکانیان شارەکەمان بێ دەنگ بێ!!!

# گەشتێك بۆ دەروازەی ڕاپەڕین*

زۆرجار مرۆڤ لە ژینگەو شوێنی نیشتەجێبووی خۆی بە مەبەست بێ یان بێ مەبەست، شوێنی نیشتەجێبوونو نیشتمانی خۆی بەجێ دەهێڵێو کۆچ دەکات، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ بۆ وڵاتو شارو ناوچەکانی تر.

ئەوەی مەبەستمە لەم چەند دێڕەدا بۆ تۆی خوێنەری باس بکەم مەبەستم نیە باسی گەشتێکی تایبەتی گەشتیاری خۆم بکەم بۆ وڵاتێکی تر، کە پڕ بێ لە ئارامیو جوانی، بەڵکو گەشتێکی هونەری کورت بوو بۆ ناوچەیەکی پڕ لە شوێنەوارو مێژوو پڕ لە کەلتووری جوانو زمان پاراویو میوانداریو وەفاو ڕێزگرتن، ئەو شوێنەش قەزایەکی پارێزگای سلێمانی بوو کە شاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەڕینە، لە سەرەتای مانگی نیسان بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی هونەری سینەمایی لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی هاوڕێم بەرەو شاری ڕانیە کەوتینە ڕێ، بەیانیەکی پڕ لە نەسیمی جوانی کە لەسەر چرۆی سادە پشکوتوی درەختەکان ئارامی گرتبوو، ئاسمانێکی پاكو سامالٚ کە هیچ جۆرە گەردێکی هەور بە سرووشتەوە بەدی نەدەکرا، هەر لە قەراخ شار جریوەی چۆلەکە پاساریەکانی دەوروبەری شەقامەکان

* {پروشە - ژمارە (28) – شەممە – 2008/4/26}

گوێیان پڕ کردین لە مۆسیقای پڕ خۆش و خرۆش و جۆشو جۆشدانی دڵو سەرنجدانی دیدەو بینایمان بۆ زیاتر قوڵبوونەوە، بە ناخی جوانیەکانی سرووشت، لەو ئوتۆمبیلەی گەشتمان پێ دەکرد، نوسەرێکی خاوەن ئەزموونو بە هەڵوێست هاوڕێی سەفەرمان بوو کە خاتوو (ئەحلام مەنصور) بوو سەفەر لەگەڵ ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە ناخیان لێوان لێوە لە هەستی بەرزو ناسكو قسەی خۆشو نەستەق، دەبێ چۆن بێ ڕێگاش جار جارەو وەنەوزی ئارامی لەو دیمەنە جوانانەدا بەرەو دنیای ئارامیو تاسانو چونە ناو دنیای نەستو لەیەك دابڕان یەخەی دەگرتینو تاسەی ناحەزی جادە سنگ شەقار شەقارەکانی ڕێگا لەو ئارامیەی دەخستینو بەم لاو ئەو لای ئوتومبیلەکەدا دەدراین، خەوی تاساوی کاتی بە ئاگای دێناینەوە، تا گەیشتینە شوێنی حەوانەوەی کانی وەتمان بۆ خواردنو ئارامگرتنی کاتی، پاشان ڕەوتی ڕێگا بە شێوەی ئاسایی دەست پێ دەکاتەوە، مەنزڵگەی دووەمی حەوانەوەمان شاری ڕانیەیە کە پێش گەیشتنمان بۆ ئەوێ هەست بە خۆشیو شادیەکی زۆر دەکەین، هەر کە گەیشتینە شار، چەندین تاسەی ناخۆشی لە شێوەی قەبری ئەسحابەکانی فتوحاتو غەزاوات زیاتر ئوتومبیلەکان دەهەژێننو نەفەرەکان بە یەکدا دەدرێن تا لە ڕانیە دەردەچی ئەم تاسانە دیمەنی جوانی شارت بیر دەبەنەوە کە چار دەکرێت بە یاسای هاتوچۆ لە جیاتی تاسەکان، کاتێ شەقامو کۆڵانەکانی شار دەبینی هەست دەکەی کاری خزمەتگوزاری بۆ کراوە، لەلاَم لە ئاستی پێویستدا نیە، پاش ئەوەی لە ئوتومبیلەکە دابەزینو چوینە ناو بازاڕ هەستمان کرد لەم شارەدا خەڵك زۆر سەرگەرمو خولیایان بۆ ئەدەبو هونەرو مەعریفە هەیە، چەند

کتێبخانەیەك کە گۆڤارو ڕۆژنامە دەفرۆشن بەدی دەکرێت، لەم شارەدا سێ ڕۆژنامەو دوو گۆڤار دەردەچن‌و پێنج تەلەفزیۆنی ناوخۆیی‌و شەش ڕادیۆ ڕۆژانە پەخش دەکەن، کە ئەمە دەکرێت زۆر بە باشی ببینرێت‌و هەڵسەنگاندن‌و بەراوردی باشی بۆ بکرێت‌و بخرێتە تای تەرازوو بۆ ئاستی گەشەی مەعریفە لەم دەڤەرەدا سەرەڕای بوونی چەندین تیپی شانۆو سەنتەری ڕووناکبیری‌و ڕێکخراوی لاوان‌و گەنجان کە هەریەکەیان ڕۆڵی خۆی هەیە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەو بەدیهێنانی مەدەنیەت‌و گەیشتن بە ژیاری‌و سەرفرازی‌و ئازادی تاك.

زۆرجار وتومە ڕۆژنامەنووس نابێ‌و ناکرێ بە شان‌و باڵی بەرپرسان‌و دەسەڵاتدا هەڵبدات‌و دەبێ چاودێری کارەکانیان بکات کە خراپیان کرد، باس بکرێت، لە هەمان کاتیشدا ئەو بەرپرسانەی کە هاوکارو پشتیوانن بۆ خەڵك‌و کەسانی خزمەتگوزار ناکرێ باس نەکرێن‌و ڕۆڵیان بە باشی نەبینرێت لە ڕانیە، لەگەڵ هونەرمەندانی ئەوێ سەردانی قائیمقاممان کرد بۆ دابین کردنی هەندێ پێداویستی کارە هونەریەکەمان، هەڵوێستی ئەو بەرپرسە ئەوەندە جوان‌و مەردانە بوو، ناکرێ لەم نوسینەدا سوپاس نەکرێت‌و دەستخۆشی لێ نەکرێت، هەر لە ژوورەکەدا زانیم کارکردن لەم شارەدا زیاتر دەبێتە هاندەری سەرکەوتن‌و بەردەوام بوون، پاشان کە کەوتینە سەر کارکردن بۆ کارە هونەریەکەش، گیانی هاوکاری‌و پشتیوانی‌و داکۆکی کردن لە هونەر لە لایەن هونەرمەندانی ڕانیە، باشتر لام بەرجەستە بوو لە ئێوارەیەکی درەنگدا زیاتر لە (300) کەس لە خوێندکارو پۆلیس لەو مانۆڕە مەزنەدا بەشداربوون، ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەبووە میوانی

چاوانمان بەهۆی وێنەگرتن، لەگەڵ ئەو هیلاکیو شەکەتیەشدا دەنگی ناڕەزایو بێزاریم لە کەس نەبیست، بۆیە دەڵێم لەم گەشتەمدا بۆ ڕاپەڕین ئەوەم بەدی کرد کە ڕانیە دەکرێ ناوبنرێت دەروازەیەکی تر بۆ گۆڕانو ئاوڕدانەوە لە هونەری فەرامۆشکراوی نەتەوەکەمان کە حکومەتیش وەك پێویست ئاوڕی لێ نەداوەتەوەو لایەنە گەشەکەی هونەری کوردی بە هەموو ژانرەکانیەوە فەرامۆش کردووە، دەبا حکومەت چاو لە خەڵکی دەڤەری ڕاپەڕینو دەروازەی گۆڕان بۆ هونەر بکاتو ئاوڕ لە هونەر بداتەوە، نەك تەنها بۆ کەسانی سەر بە حیزبو ئایدۆلۆژیا تەسکەکان دەرگاکان والآ بکات، دڵسۆزانو خەمخۆرانیش بخرێنەپەراوێزەوە کە ئەو دەرەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوەو دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ لاواز کردنو ناشرین کردنی هونەری جوانو ڕەسەنی نەتەوەکەمان.

# ڕۆڵی تاك له كۆمه‌ڵگه‌دا*

زۆرجار باسی ڕۆڵی تاك ده‌كرێ كه‌ گرنگه‌ بایه‌خی پێ بدرێت، به‌ڵام تا چه‌ند گرنگی به‌م وتانه‌ ده‌درێتو ئاوڕی لێ ده‌درێته‌وه‌، له‌ كۆمه‌ڵگه‌كانی ڕۆژهه‌ڵات به‌ پێی دیدو بۆچوونی نادروستی ده‌سه‌ڵاتو دابونه‌ریتی شێواوی كۆمه‌ڵایه‌تی ڕۆڵی تاك هه‌میشه‌ فه‌رامۆش كراوه‌و كه‌وتۆته‌ ژێر پێوه‌ هاوكێشه‌یه‌كی نا ته‌ریب كه‌ هێڵه‌كان به‌ یه‌ك ده‌گه‌ن ئه‌ویش له‌ نێوان تاكی كاراو تاكی ناكارا، له‌م كۆمه‌ڵگه‌یه‌دا تاكی كارا ته‌نها بڕیاری سه‌رپێی سه‌ركرده‌و كه‌سانی ئاینیو سه‌رۆك خێڵو هۆزه‌كانو خاوه‌ن بڕیاره‌كه‌یه‌ به‌ پێی به‌رژه‌وه‌ندیو ویستی خۆیان كار ده‌كه‌نو بڕیار ده‌ده‌ن، كاتێ تاكی كارای بێ مه‌به‌ستو ئامانجی گشتی بڕیار ده‌دات ئامانجه‌كانی ده‌پێكێ كه‌ خزمه‌ت به‌خۆیو بێ به‌ش بوونی كۆمه‌ڵ له‌و بڕیارانه‌دا له‌م كاته‌دا تاكی به‌رامبه‌ر كه‌ له‌ هێڵێكی ناته‌ریبی شوێنی به‌یه‌ك گه‌یشتنیان ده‌بێته‌ به‌ریه‌ك كه‌وتنێكی نا به‌رامبه‌رو ناچار بڕیاری تاكی ده‌سه‌ڵاتدارو خاوه‌ن هێز له‌ ململانێكه‌دا به‌رامبه‌ر ده‌خاتو خۆی سه‌رده‌خات، كۆمه‌ڵگه‌ش له‌به‌ربوونی كه‌لتورێكی نادروست به‌رگری له‌ تاكێكی ناڕه‌وا ده‌كات له‌ ئه‌نجامدا تاكی براوه‌كه‌ تاكی بێ به‌رهه‌مو بێ داهێنانه‌ هه‌موو یاساكانی ژیان ده‌خاته‌

---

* {راستی - ژماره‌ (35) – شه‌ممه‌ – 2008/9/27}

خزمەت ڕەوتی خۆی‌و کۆمەڵیش ئیفلیج‌و بێ هێزو برسی دەکات، جیاوازی تێڕوانین لە کۆمەڵگە پێشکەوتوو شارستانییەکان لەگەڵ کۆمەڵگە دواکەوتووەکان لەوەدایە، لێرەو لەم وڵاتانەی ڕۆژهەڵات کە لای خەڵکی سادە بە وڵاتی قەزاو قەدەر ناسراون ئەوەیە ئەوان ئەنجامی گشت کارکردنێك بۆ بەرژەوەندی تاك دەبێتەوەو تاکیش لە خزمەتی پێش خستنی تواناو بەهرەکانی خۆیدا بەردەوام دەبێ ئاکامیش سوودی گشتی لێ دەکەوێتەوە، نیچە ووتەنی (خێرو باشی زانست بۆ کۆمەڵە نەك تەنها بۆ تاك)، لێرەدا دەکرێ زانست بکەینە سەرچاوەی گشت کارێکی گونجاوی بە پلان نموونەش لە دنیای شارستانیدا زۆرن بۆ کارو باری بەرهەمی تاك لە هەر سەعاتی دەستی تا دەگاتە فرۆکەو گشت جوانیەکانی سەردەم، هەموو داهێنانەکانی دنیاو گۆڕانەکانی ژیان‌و بەدی هێنانی ڕێبازە جیاوازەکان لە گشت کایەکانی ژیاندا تاك ڕۆڵی هەبووە لە بەدی هێنانیدا سەردەمی ڕینیسانیس دەکرێ بڵێین بەرهەمی بیری تاك بووە دانتی‌و پەترارك‌و پۆکاشیۆو مایکل ئەنجیلۆو ماکیاڤیلی‌و دەیانی تر بوونە سەرچاوەی گەیشتن بە قۆناغێکی تر لە ژیان شارستانی‌و ژیا ری مرۆڤایەتی ئەو نمونانەی باسمان کرد لە ووڵاتانی پێشکەوتوو بوون بە پێچەوانەوە لە ووڵاتانی دواکەوتوو چونکە تاك وەك پێویست ڕۆڵی نابینرێت‌و ڕێگری هەیە لەبەردەم گەشەپێدانی توانستەکانیدا ووڵاتەکان گەشە ناکەن‌و بە بەهای شارستانی شاد نابن، ئەوەندەی بەراورد دەکرێ لە کوردستان‌و لە پاش ڕاپەرینی (1991) بیری کەسانی پێشکەوتووخواز لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان‌و ڕۆڵی تاك پێچەوانەوە کەوتەوە، چونکە حیزبەکان لە جیاتی گرنگی دان بە تاك‌و بەدی هێنانی

ئامانجه دیاری کراوەکانی شاخ که بەناو خەباتیان بۆ دەکرد تاکەکانی کۆمەڵی کوردیان زیاتر دیلو ئەسیر کرد بەوەی به ناڕاستەوخۆ گشت چینو توێژەکانی کۆمەڵیان خسته چوارچێوەی دیواره تەسکەکانی حیزبەکانو پاشان گشت تاکەکانین خسته شەڕی یەکتر قبوڵ نەکردنو کوشتنی ئەوانی تر که لەگەڵ خۆیان جیاوازن له هەمووشی ناخۆشترو ناعەقلانەتر دروست کردنی ﴿مەکتەبی دیموکراتیو جەماوەری﴾یه تا بەناوه جیاوازەکان خەڵك له خشته بەرنو تا پاڵەوانەکانی خێڵو هۆزو عەشرەت بەردەوام له دوا خستنی کۆمەڵو ڕێگربن له عەقلانیەتی تاكو ئامانجەکانی کۆمەڵ، دەکرێت بڵێین ئەنجامەکه بەم جۆرەی لێ کەوتۆتەوه که تاك بێ بایەخ بێتو گرنگی تاکی کارای دەسەڵاتداری بێ مایه له برەودابێو تاکی ناکارای به بەهاو بەدیهێنانی ئایندەی گەش بخرێته پەراوێزەوەو کۆمەڵیش هەر لەسەر ڕەوتی خزمەت به ئەوان چەپڵه لێدەرو خەم هەڵگر بێت.

# هەڵوێستو کاری ڕۆژانە*

هەمیشە کارو هەڵوێست زادەی بیروبۆچوونن، واتە بیرو هزری مرۆڤ کانگای کرداری ڕۆژانەیە بۆ ئەو کردارانەش گشت کارو جموجوڵە لاشەییەکانی مرۆڤ بە دەردەخات کەمێشكو هەست دەبنە فرمان پێکەر بۆ کەسەکە، زۆرجار خواستو ویستو ئارەزووی مرۆڤ دەبنە ئەندێشەی قوڵو لە نەستدا کردەوە دەردەبڕێن وە خولیاو خەونو ئاواتە پێ ڕانەگەییوەکانی مرۆڤ، لە کۆمەڵگای سەردەمو مۆدێرندا کارەکان جوودا دەکرێنەوە هەندێکیان دەبنە پیشەو هەندێکیان وەك خولیاو ئارەزوو بۆ مرۆڤەکان دەمێننەوە، پیشە لەم وڵاتەدا نەبووەتە هۆکار تا ڕەنگدانەوەی ژیانو بژێوی کەسەکان دابین بکات، بۆیە زۆرجار مرۆڤەکان هەمەجۆر پیشەوەرن نموونە مامۆستایەو دوکاندارەو شۆفێرە یان نوسەرو شاعیر قەرمانبەرن یان بەرپرسی حیزبییەو خاوەن کۆمپانیاو بەنزینخانەو شتی ترە ........هتد.

زیاتر ئەوەی بۆتە جێی سەرنجی من لەم وتارەدا باسی نوسەرو ڕۆژنامەنوسانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە پێی میزاجی کەسەکان کارەکان دابەش دەکەن جا ئەو کەسە بۆ ئەو کارە

* {راستی - ژمارە (29) – دوو شەممە – 2007/12/10}

نەگونجێت یان بە پێچەوانەوە بەردەوام لە تەلەفزیۆن بینیوومانە زمانی لە ڕووی دەربڕینەوە تەواو نەبووە یان پسك بووە یان لاڵ، بەلاّم بێژەرە، کە کارێکی نەگونجاوەو دوورە لەیاسای ڕاستیو ڕوونبێژیو واتاناسیو دەربڕینەوە، یان کەسانی نەشیاو نەشارەزا بۆ کاری ڕاگەیاندن بە پێی نامەی کەسەکانو خزم خزمێنەو خاترو خۆییو ناسکیو شتی تر دەکرێنە پاڵەوانی نەشیاوی ڤێزەون دێمە سەر نوسەرو ڕۆژنامەنوسان، دیارە کەسانی زۆر گونجاو بە هەڵوێست لەم بوارەدا کاریان کردووە دەتوانم بڵێم تاقە توێژ بوون ڕۆڵی باشیان لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە هەبووە دوای ڕاپەڕین لەو گەندەڵیو بیسرەو بەرەیەی دەسەلاّتی کوردی تێی کەوتووە ئەوەش مانای ئەوە نیە کەسانی خراپ نەکەوتبنە بوارەکەوە (کورد وتەنی) چەم بێ چەقەڵ نابێ، بۆیە گرنگە باسی ئەو چەقەڵە لاوازو لەڕانە بکرێت کە چەمو ڕووبارەکەیان بە دەنگە نوزاو نەشازەکەیان تووشی ژاوەژاو کردووە، ئەو چەقەلاّنە ساتێك لە کەناڵی حیزبەکان بابەت دەنووسن دەکەونە پیاهەڵدانی دەسەلاّتو نیشاندانی بەبێ وێنەیی بە بڕێك پاداشتی بێ نرخ یان مانگانە چەندین جار خۆیان دەکەن بە ژووری بارەگای حیزبەکانو هەر ئەو کەسانە کە لە ڕۆژنامەو کەناڵە ئەهلیەکان دەنوسن نوسینەکانیان لەگەڵ ئەوانەی تردا جیاوازی ئاسمانو زەوی یە لایەنێکی گرنگی تر ئەوەیە لە چەند ڕۆژنامەو گۆڤاردا دەستی بالاّی هەیەو لە دەستەی نوسەرانە یان شاعیرەو ڕۆژنامەوانیشە وەك چۆن لە کابینە سەیرو سەمەرەکانی پێشوودا دەبینرا چەند وەزارەتێك بە ئیمزای کەسێك کارەکانی بەڕێ دەکرا واتە وەزیری چەند وەزارەتێك بوو ئەو بوارەش وەك ئەو پەندەی لێ هات لە

کاتی گرانیەکەدا پەندی (نان بۆ نانەواو گۆشت بۆ قەصاب) گۆڕا بە (نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ دەوڵەمەند) چونکە هەژاران گۆشتیان بۆ پێ نەدەکڕاو نەیان دەخوارد هەر بۆ دەوڵەمەندەکان بوو، ئێستا سەردەمی پیرەمێرد نیە کە لەبەر خەمخۆری شاعیر بووە ڕۆژنامەوانیش دەکرێت ئاوڕ لە پیشەو کاری ڕۆژانەی خۆمان بدەینەوەو لە بەرامبەردا هەڵوێستو کردار گرنگی خۆیان هەبێت بانەبێتە (بانێکەو دوو هەوا) یان لە کوێوە با هات لەوێوە شەن بکەین.

# بۆچوونەکانی شەقام*

له ئەزمونی تاڵی شانزه ساڵەی دوای ڕاپەڕینی ئەم هەرێمەی باشووری کوردستان، زۆر شت فێربووینو زۆریشمان بیست، بەلاّم کەمی نەگەیشت، ئەم ڕاپەڕینە وەك کەناڵەکانی حیزبەکان بانگەشەی بۆ دەکەن هیچی کەم نیە، تەنها ڕاپەڕین نەبێ چونکە سیما جوانەکەی ڕاپەڕین کە گۆڕانو باشترکردنی بارودۆخەکەیە لە ناجێگیریەوە بۆ جێگیریو لە گرانیەوە بۆ هەرزانیو لە نایەکسانیەوە بۆ یەکسانیو لە دەسەلاّتی تاکڕەویەوە بۆ فرە بۆچوونو ئایدیا.

ئەوەی هەموومان نیگەران دەکات ئەمانە هەموویان پێچەوانەکانیان ڕاستەو هیچ لە کارە گرنگەکانی گۆڕانکاری لەم هەرێمەدا بوونیان نیە دڵی هیچ تاکێك بە ئەزموونی پڕ لە گەندەڵیو بێ ئیدارەییو نا یەکسانی خۆش نیەو بگرە خەڵك بڕواو متمانەشی کەم بۆتەوەو هەستی نیشتمانیو نەتەوەیی بە ڕادەیەك دابەزیوە، بالأنسی هێز بەلای وتەکانی دوژمنانی دوێنێی کوردەوە بەرزە کە دەیانووت کورد میللەتێکن ناتوانن خۆیان بەڕێوە ببەنو خۆ خۆرن، ڕۆشنبیران نازانن پاساو بۆ ئەم هەموو کارە خراپانەی

* {ڕاستی – ژمارە (26) – چوارشەممە 2007/9/5}

دەسەلأتداران بێننەوەو پشتگیری لە کارە دزێوەکانیان بکەن، بۆیە دەبینین لە زۆربەی شوێنە گشتیەکان خەڵکی دەنگی نارەزایی بەرامبەر کارە خراپو دزێوەکانی دەسەلأتە بەشکراوەکەی کوردستان بەرز دەکەنەوەو زۆر جاریش دەگاتە جنێودان کە من لە گەڵی نیمو لۆمەی خەڵکیش ناکەم، چونکە خەڵك ڕاپەڕی نەك حیزب ئەگەر حیزبەکان خەڵك پشتیوانی لێ نەکردنایە دەبوایە هەر لە ئێران ڕۆژانە چاوەڕێی پەنیرو سەمونەکەی کۆماری ئیسلامی بونایە، پاش ڕاپەڕینیش بە ئێستاشەوە هەر حیزبەو خۆی بە قارەمانو پاڵەوانی ڕاپەڕین دەزانێو هیچ بۆ کەس ناهێڵنەوە لە بەرهەمی ڕاپەڕین بۆیە ئەیبەنو دەیدزنو دابەشی دەکەن، خەڵك ماددەی (140)و کەرکوکی بۆچییە کە بە چلەی هاوین یەك بەرمیل نەوت بە (175000)دینار بێ، یان دەبەیەك بەنزین بە (23000) دینار بێ، هەموو دڵنیاین گەر بایعەکە نەبوایە خەڵکی بە دەست گرانیو هەژاریەوە ئەوەندەی تر سەرگەردان دەبوون، فەیلەسوفی سیسۆلۆژی فەرەنسی (جان جاك ڕۆسۆ) دەڵێ: سیاسەت بۆ ئێمە بریتیە لە هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، باشە دەبێ سیاسەت لەم هەرێمە بچوکەی ئێمەدا بریتی بێ لەچی؟ ئەوە وەلأمەکەی لای هەمووومان دیارەو گۆڕانی تیا ناکرێ کە نارێکیو خراپ بەکارهێنانی سامانی نەتەوەی کورد بۆ گیرفانی چەند بەرپرسێکی حیزبیو سەرکردەی حیزبەکانە ئەوەندە لە کارە خراپو نابەجێکانی خۆیان ڕازین بە نیازن ئەزموونی پڕ لە شێواوی گەندەڵی بگوازنەوە بۆ بەشەکانی تری عێراقو بگرە ناوچەکەش، باش بوو ڕاپۆرتەکەی مافی مرۆڤی نێو نەتەوەیی سەلماندی ئەو ئەزمونە نیە کە پیا هەڵدەدەن نە ئازادیو دیموکراسی بونیان

هەیە، لێرە ئەوەندە ئازادی کە لەگەڵ حیزبەکان بیتو چەپڵەیان بۆ لێ بدەی کەوات نەکرد تۆ خائینو دەستی دوژمنانی کوردی وەك لەم چەند ساڵەی رابردوودا بینیمان، نارەزایی شەقامی کوردی گەیشتۆتە ئاستێك هەرگیز پێش راپەرینیش نەیگەیشتوتێ، دڵنیام زوو بێ یان درەنگ هەرچی بیری تەسكو خۆ خوازو داگیرکەرو تاکرەوە بە وێنەی سەری ئەو بەعسیانە دەبن کە لاوان لە راپەرین بە تەور لە راپەرین قاشیان کردنو سەری سەرکردەی خراپیش وەك سەری تاوانبار سەدامی لێ دێ بە پەتی سێدارەوە دەکرێ بۆیە وا باشە حیزبو سەرکردەو بەرپرسەکان بێنەوە ریزی خەڵکی هەژارو راپەریوی خاوەن شۆرش ئەگەر نا زەمەنو مێژوو رەحم بە کەس ناکاو لە کەسیش نابورێ.

# تیرۆر سەرچاوەکەی شۆڤینیزمی عەرەبیە*

لەم ڕۆژگارە پڕ ژیارییەی مەردومدا ئەوەی کە بۆتە باسو مەترسی گەورە بۆ سەر ژیانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی (تیرۆر)ە، ڕاستە لە ڕووی وشە ئاراوە ئەم زاراوەیە نامۆیە بە زمانی عەرەبی بەڵام هەرگیز ئەو وشەیە لەم سەردەمەدا پێوانەیەکی ژیرانەیە کە بڵێین سەرچاوەکەی لە ڕۆژهەلاّتەو بە تایبەت عەرەبو عەقڵی شۆڤینیزمی عەرەبی نەخشەو داڕێژەری ئەم بەرنامەیەیە، ڕاستە کوشتنو لەناوبردنو زۆرداری لە جیهاندا بوونی هەبووەو هەیە بەلاّم دەتوانم بڵێم لە پاش جەنگی جیهانی دووەمو کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بەواتە نەمانی بلۆکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاّت ئەم دیاردەیە لە کێبەڕکێی نێوان زلهێزەکانو دەرهاویشتەی ململانێکان هاتە مەیدانی سیاسەتەوە دەکرێ شوناسی تیرۆری سەدەی بیستو یەك وا بەستە بکەین بە جیهانی سێ کە دەوڵەتانی ڕۆژهەلاّت دەگرێتەوە بە تایبەت ئەو دەوڵەتانەی ناسنامەی ئایینیان ئیسلامە، هەرچەندە لە جیهاندا دیاردەکە بلاّوەو تاقمو دەستەی تیرۆریستی کاری دژ بە مرۆڤ ئەنجام دەدەن لە فلیپینو تایلەندو زۆر شوێنی تر، بەلاّم ئەوەی مەبەستی سەرەکی منە کە

---

* { میدیای کورد– ژمارە (2) ساڵی یەکەم – یەك شەممە 2005/2/27}

ئاماژەی پێ بکەم هۆکاری سەرهەڵدانی تیرۆرە لە ڕۆژهەلاٌتی ناوەڕاستدا، عەرەب هەمیشە خۆی بە خاوەنی شارستانی ئیسلامی زانیوە لە ناوچەکەدا هەرچەند هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئیسلامن بەشدارن لە شارستانی ئیسلامیدا، بەلاٌم عەرەب بە ناڕاستەوخۆ لە ماوەی ئەو غەزاوات‌و فتوحاتانەی کە کردوویانەتە سەر نەتەوەکانی تر کاریان کردووە تا عەقڵ‌و فکری عەرەبی زاڵ بکەن‌و کەلتوری خۆیان لە ڕێگەی پەیامە بە زۆر سەپێندراوەکەیانەوە بگەیەنن‌و نەتەوەکانر تر بکەن خزمەتکاری خۆیان بەوەی پێغەمبەر عەرەبە‌و قورئان خوا بە عەرەبی ناردوویەتی هەروەها لەڕێگەی ئەو کەسانەی کە بوون بە پیاوی ئەوان پەیامەکەیان گەیاندۆتە خەڵکی‌و گشت ئەو شتانەی کە بۆ خۆیان بە نارەوا دایان ناوە بە حەرام‌و ناجائیز داویانەتە قەڵەم‌و نەیانهێشتووە هیچ مرۆڤێك زیاد لەوەی مەبەستیانە‌و بڵێ‌و بڕوات گەرچی زۆریشی لەناو پەیڕەوەکە‌و بەرنامەی ئایینەکەدا نەبووە بە نمونە وەك ناونانی مناڵ کە هیچ جۆرە پەیوەستێك نیە جگە لەوەی ئەو کەسە کە ناو دەنرێت پێویستە ناوێك بێت‌و جێگەی ڕێز بێت‌و تیرو تەشەر نەبێت بۆ سەر کەسێتی بەلاٌم ئەوان هاتوون مەرجیان داناوە کە پێویستە ناوی شەرعی بێت کە گوایە پێویستە ناوەکە عەرەبی بێ ئینجا شەرعیە هەروەها بە کافر کردنی کەسانی تر و دەرکردنی مناڵ کاتێ تەمەنی لە (10) ساڵ تێپەڕبوو نوێژی نەکردو زۆر شتی تر کە لەم سەردەمەدا قابیلی قبوڵ نیە‌و کەس ناچێتە ژێر باری ئەو کارە قورسە لە قورئاندا هاتووە کە (لە دینا زۆری نیە) کەچی سوپای عەرەبی ئیسلامی لە ساڵی (637)ز بەهێزێکی گەورە پەلاماری کوردستانیان

داو ئەو ولاّتەیان کردە خەڵتانی خوێن‌و هورمزگاکانی ئایینی زەردەشتیان ڕووخاندو ئاتەشگاکانیان کوێر کردەوەو ڕۆح‌و هەست‌و نەریت‌و کەلتووری نەتەوەی کوردیان تەفرو تونا کردو تەکیەو خانەقایان لە جێی دروست کردو موغەکانی زەردەشتیان کوشت‌و مەلاو شێخیان لە جێی دانا، ئاوێستایان سوتاندو پەیامە عەرەبیەکانیان بلاّوکردەوە هەر سێ پەیامی (وتەی باش) و (بیری باش) و (کرداری باش)یان لابردو کوشتن‌و بڕین‌و کوفریان خستە ناو کایەی ژیانی مرۆڤی کوردەوە، ئەمانەش هەمووی لە ڕێگەی ئەو کەسانەی بوونە پیاوی عەرەب‌و خزمەتکاریان گەیشتە ناو کۆمەڵگای کوردەواری ئەوەتا کەسێکی وەك مەلا محمدی کۆیە بەم جۆرە دەنگیان لێ بەرز دەکاتەوەو پێیان دەڵێ:

*هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەنــــــاڵـم*

*عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بە مــــاڵم*

*بە ڕیشی پان‌و بە سەری پڕ لە ئەسپێ*

*بناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێ*

ئەوەی ماوەتەوە کە دەری ببڕم ئەوەیە جارێکی تر عەقڵی شۆڤێنیزمی عەرەبی هانا دەباتەوە بەر تیرۆر بۆ گەیاندنی پەیامی عروبە بە خەڵك‌و ژیانی مرۆڤ دەکاتە ئەو تاریکستانەی کە خەونی جەهالەتی عەرەب ئاواتیانی تێدا دێنێتە دی ئەویش بە ترساندن‌و تۆقاندن‌و کوشتن‌و لەناوبردن‌و بەو فتوایەی کوشتنی ئەوانەی لە گەڵیان نین جیهادەو جیهادیش لە پێناو خواو ئیسلامدا شەهادەتی ڕاستیەو مرۆڤ دەگەیەنێ بە خۆشی‌و شادی لە ژیانی پاش زیندوو کردنەوە، ئێمە هەموو مرۆڤین‌و خوای

خۆمان خۆش دەوێ ئەو خوایە پێمان نالێ دەست لە کاری من بدەن‌و مرۆڤم بۆ بکوژن کە مرۆڤیش جوانترین دروستکراوی خوای گەورەیە، کاتی ئەوە هاتووە کە کورد لە پەیامە شۆڤنیەکانی عەرەب تێ بگات‌و ئەو فتوایانەی ئەوان دەری دەکەن لای ئێمە جێگەی تێبینی‌و سەرنج بێت‌و چی لە بەرژەوەندی بالآی نەتەوەکەماندا بێت ئەوە بکەین نەك لاوان فریو بخۆن بە بیانوی ئەو عەقڵەی شۆڤێنیەتی عەرەبی لە پشتەوە هانی دەداو مەبەستیەتی کارەکان بۆ نەتەوەی عەرەب بکات، باشە کە عەرەب خۆیان بە برای دینی ئێمە دەزانن بۆچی لە هیچ کات‌و سەردەمێکدا پێشێل کاریەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە کورد بە ئارەزووی مەبەستەکانی خۆیان دەچوسێننەوەو کۆمەڵ کوژ دەکەن بۆ تەنها جارێك فتوایەك نادەن‌و بە حەرامی نادەنە قەڵەم، هەر عەرەب نەبوون (182) هەزار مرۆڤی کوردیان بە پێی دەقی پەیامەکەی خۆیان ئەنفال کردووە لە سەردەمی قەڵەم ڕەوی ئیسلامی‌و عەرەبی دا کە (22) دەوڵەتی شۆڤینی لە پشت ئەو کارەوەن، هەر ئەوان نین کورد بە مەترسی‌و ئیسرائیلی دووەم دەزانن؟ هەر ئەوان نین هیچ بەڵێنێك نابەنە سەرو لەگەڵ بچوکترین مافدا نین بۆ کورد؟ کاتی تاریکستانی ژیان‌و چوار دەور چنراو بە تەلی عەقڵی عەرەبی بخەینە ژێر پرسیارەوە ئەوەی دەستمان کەوتووە لە عەرەب کە هیچ نیە بیدەینەوە دەستی خۆیان جگە لە ئیسلام با ئێمەش وەك تورکەکان دەوڵەتی ئیسلامی دروست بکەین بۆ خۆمان نەك بتوێینەوە یان وەك فارسەکان چۆن ئیمپراتۆریەتی فارسیان بە ناوی ئیسلامەوە دروست کردووە دیارە خۆم لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی دینیدا نیم من تەنها مەبەستم بەکارهێنانی تاکتیکە لە پێناو ستراتیژی گەورەی

نەتەوەییی دا بۆیەش ئەم نمونانەم هێنایەوە مەبەستمە بڵێم ئیسلام ڕێگر نەبووە لە دروست کردنی دەوڵەتی کوردیدا، بەڵکو خۆمان لاواز بووین‌و نەمانتوانیوە ئەو کارە بکەین لە بەر بێ هێزیمان بەرامبەر بە عەقڵی شۆڤێنی عەرەب، دڵنیام کە سەرچاوەی تیرۆری ڕۆژهەڵات‌و ڕۆژئاواش لەم کاتەدا عەقڵی پاشکەوتووی عەرەب رابەرایەتی دەکات.

# راپەرین لە نێوان بانگەشەی حیزبەکاندا*

راپەرین وەك چەمكو رەهەندێكی كۆمەلأیەتی ناكرێ هەروا بە سانایی بە سەریدا گوزەر بكەینو بە عەقڵی ئێستای حیزبە كوردیەكان لێكدانەوەی بۆ بكەین، من بەدەر لەو بۆچوونە تەسكەی كە راگەیاندنی حیزبەكان بانگەشەی بۆ دەكەن بۆچوونو سەرنجی تایبەتیم هەیە بۆ ئەو مێژووە پڕ شكۆیەی نەتەوەی كورد لە بەشی باشووری ولأتی كوردان كە كراوەتە پاشكۆی عێراقی عەرەبی، گشت نەتەوەو لایەنو دەستەیەك كە گۆرانێك لە زەمەنێكی دیاریكراودا دێتە ئاراوە خۆی بۆ ساز دەدەنو كاری پێویستی لەسەر دەكەن گەلی كورد بە هۆی شۆڤێنیەتی عەقڵی نەتەوە سەر دەستەكانی ولأتەكەی هەمیشە كەوتۆتە دۆڵی تەسكی تەنگەبەری ئایدۆلۆژیاو خۆ بە كەم زانینو دوژمنان بە گەورە دانان ئەم كەلێنەش فەزایەكی گونجاوی بۆ دوژمنانی كورد كردۆتەوە كە پیلانی لێ بگێڕنو مەرامەكانی خۆیان بێننە دی كە ئەویش دوو بەرەكیو ئاژاوەی ناو كورد خۆی بووە بەمەش هەم دڵی لاوانو توێژەكانی تر لە خەبات سارد بۆتەوەو هەم ئامانجی داگیركاری دوژمنانیش هاتۆتە دی كە قەڵەمی دەسەلأتی پاوان خوازیان لە برەودا بووە، بەلأم جیاوازو قەدەرێكی گونجاو لەوانەی باسمان

---

* {ڕاستی – ژمارە (9) – یەك شەممە 2006/3/26}

کرد هاتە پێش ئەویش تێکچوونی تەرازووی هێزەکانو بە دەرکەوتنی ئاسۆی فرسەتێك تا یەکێك لەو دوژمنە سەرسەختانەی گەلەکەمان گلۆلەی بکەوێتە لێژیو جەماوەرو گشت هێزو لایەنەکانی کوردیش لەگەڵ هەنگاوەکانی رقی پیرۆزی تۆڵەی خەڵکدا هاتنە ناو کایەی گۆڕانکاریەکەو ئەو رقو دڵسۆزیە ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ی لێ کەوتەوە، بۆیە دەکرێ بڵێین کورد راپەرینی کرد بە گشتی هێزو تواناو لایەنەکانەوە بەلاّم هەر لایەنەو بە قەدەر سەنگی هێزو تواناو جەماوەرەکەی بەشداری راپەرینی کرد، ئەوەی بۆتە جێی گومانو سەرنج وا بۆ پانزە ساڵ دەچێ هەر لایەنو حیزبو دەستەیە بانگەشەی پاڵەوانی راپەرین بۆ خۆی تۆمار دەکات، گەرچی راپەرین کارو ئەرکێکی پیرۆزی نەتەوەییو نیشتمانی بوو لە هەمان کاتدا وەلاّمدانەوەیەکی رەوای کورد بوو بۆ داگیرکاران کە جامی زوڵم پڕ بوو لێی دەڕژێو سەرکەوتنیش راستەیەکە دەبێ هەر بەدی بێت، لینین لە زۆر بابەتو باسەکانیدا ئاماژە بە دوو رەهەندی شۆرشگێڕی دەکات ئەوانیش چۆنیەتی سەرکەوتنو گرنگی پاراستنی سەرکەوتنەکەیە با لەم گۆشە نیگایەی کەسێکی وا بلیمەت بزانین راستە راپەرین بەدی هاتو ڕژێمی سەر دەستە وەدەرنرا بەلاّم ئاکامی ئایدۆلۆژیا بەرەو چ ئاقارێکی ژیان هەنگاوی ناوە، تا چەند خەڵك بە ئامانجەکانی راپەرین شاد بووە تا چەندیش حیزبەکان دەست بەرداری جەماوەرو بەکەم زانینو پاوان کردنو دەسەلاّتو ململانێی نابەجێی یەکتربوون دەیان پڕۆژەی مەزنی نەتەوەیی بەهۆیەوە بمرێنن هەر لە قبوڵ نەکردنی یەکترو پاشان شەڕی یەکتر کوشتنو ئینجا دانانی کورسی دەسەلاّت بۆ کەسانی نەشیاو تەنها

لەبەرئەوەی ئەو کەسانە کوڕی حیزبن‌و ئیتاعەی فەرمانی حیزب دەکەن، جگە لەمانە دابەشکردنی سەروەت‌و سامانی وڵات بەسەر خۆیاندا، بەرزبوونەوەی بینای چەندین نهۆم کە کەس نازانێ خاوەنەکانیان کێن، دیارە من لەگەڵ جوانی‌و شارستانی‌و رازانەوەدام بەلاَم دەکرێ سامانی هەر تاکێکی کۆمەڵ دیاریکراو بێت‌و بە پێی کارو مافی خۆی نەك هی گشت خەڵك ببات‌و کەسیش نەوێرێ لێی بپرسێ، لە ئەنجامی ئەم چەند بۆچوونە کورتەم دەکرێ لە یادی راپەرینەکەدا، گشت لایەن‌و دەسەڵاتداران بە ئاگا بێنینەوە تا راپەرین بەسەر راپەریندا نەکراوە فەرموون قۆڵی مەردایەتی‌و کوردایەتی هەڵماڵن‌و واز لە گەندەڵی‌و دەستەگەری‌و تاقم گەری بێنن‌و هیمەت بۆ گەل بکەن، چونکە مێژوو رەحم بە کەس ناکاو ئەوانەی بێ بەزەیین مێژوو دەیانخاتە بەر بەردبارانی خەڵکی هەموومان مقەستی کاتەکان دەمان بڕێت‌و گۆڕانەکانی دەبینین، لە یادی راپەریندا شکۆدار بێ خەباتی جەماوەرو هێزی گشت لایەنەکانی کوردستان‌و دەیان خۆزگەو پرسیاری خەڵك سەرسوڕمان‌و وەلاَمی دەوێ.

# لەچاپکراوەکانی نوسەر

1- وشە رەنگالەییەکان

2- ئاوێزان بوونی سروشت و مێژوو

3- خواستی خەڵك لەزمانی قەڵەمەوە

4- روانین بۆ ئایندە

**چاوەڕوانی بەرهەمی نوێ بن.**